
سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان- سووریا کۆبۆوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5773) یەک شەممە 23ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



ڕۆژی پێنجشەممە 20ی6ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا کۆبۆوە.

لە کۆبوونەوەکەدا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان–سووریا کورتەیەکی لە بارودۆخی سیاسیی سووریا و ڕەوشی هاوولاتیانی کورد لەو ولاتە و دواینێ گۆڕانکارییەکان خستەڕوو و سیاسەت و بەشێک لە کار و چالاکییە سیاسییەکانی حزبەکەیانی بۆ سەرۆک بارزانی شی کردەوە.

هەروەها سوپاسی سەرۆک بارزانیشی کرد کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی قەیرانی سووریا و هاتنی داعش و کێشەکانی تر‌ەوە، سەرۆک بارزانی هەردەم پاڵپشتی گەلی کورد لە سووریا بووە و ئەوەیشی بە مایەی ئومێدێکی گەورە بۆ گەلی کورد لە سووریا لە قەڵەم دا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی بۆ ئامادەبووان پێشکەش کرد و ڕۆشنایی خستە سەر بارودۆخی سیاسیی لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و وێڕای دەربڕینی نیگەرانییەکانی لەمەڕ ئایینەدەی گەلی کورد لە سووریا، ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی پێویستی خستەڕوو.

هەروەها سەرۆک بارزانی سوپاسی خۆڕاگریی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان – سووریا و هاوولاتیانی کورد لە سووریای کرد و داوایشی کرد کە هەمیشە بە ئومێد و ئیرادەیەکی بەهێز بمێننەوە.

پارتی لە کۆمەڵێک لاوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی کەرکووک دەدات

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکە، ڕایدەگەیەنێت بۆ کۆتاییهێنان بە داعش لە کەرکووک، پێویستە لەناو باڵەخانەی پارێزگاوە دەستپێبکرێت، ئێستا داعش لەنێو پارێزگای کەرکووکدایە و دەستیان بەسەر هەندێک جومگەی ئەمنیی ناو پارێزگاکەدا گرتووە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



نێچیرڤان بارزانی و ئەردۆغان کۆبوونەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان: هەرێمی کوردستان خوازیاری بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانە لەگەڵ تورکیا

بەڕێز ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆکۆماری تورکیا، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست. بەڕێزیان هیوای خواست کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێت و جەختی لە خواستی تورکیا بۆ بەرەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردەوە، هەروەها پشتگیری و خۆشحاڵیی خۆی بۆ گفتوگۆ و بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا نیشان دا.

لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی کرد و جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا دەڕوانێت و خوازیاری بەرەوپێشبردنی زیاتری پەیوەندییەکانە بەتایبەتی لە بواری ئابووری و زیادکردنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ تورکیادا.

لە کۆبوونەوەکەیاندا کە ڕۆژی هەینی 2019/6/21 لە ئیستانبول بەڕێوە چوو، هەردوولا دۆخی سیاسی و ئەمنی ناوچەکە بەگشتی، مەترسیی سەرهەڵدانەی داعش، دۆخی ناوچە ئازادکراوەکان لە تیرۆر، گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەران، ئارامی، سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان و چەند بابەتێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.



نێچیرڤان بارزانی و عادل عەبدولمەهدی جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەنەوە

بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، جەختیان لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

پەرلەمانتاریک:

بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان دەنگ لەسەر تەواوکردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی نەدرا

بڕیار بوو دوێنێ شەممە 2019/6/22 کابینەی حکوومەتی عێراق تەواو بکرێت، بەڵام پەرلەمانی عێراق ئەو بڕگەیەی لە بەرنامەی کاری دانیشتنی خۆی لادا کە تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر تەواوکردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

12 هەزار خێزانی عەرەب کە قەرەبوویان وەرگرتبوو، گەڕاونەتەوە کەرکووک

دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەعەرەبکردنی کەرکووک بە چڕی دەستی پێ کردووەتەوە و ئەو خێزانە عەرەبانەی قەرەبوو کرابوونەوە و گەڕێندرابوونەوە بۆ پارێزگاکانی خۆیان، ئێستا جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک و دەستیان بە داگیرکردنەوەی ماڵ و زەویی هاوولاتییانی کورد کردووەتەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری لەگەڵ زۆرینەی پارتە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە



ڕێزدار مەسرور بارزانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی تازە حکوومەت و داواکانیان لە کابینەی تازە کۆبوونەوە. سەردانەکان و کۆبوونەوەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری بۆ لای پێکهاتەکان سەرلەبەیانی دوێنێ سەرەتا بە کۆبوونەوەی لەگەڵ 9 لایەنی تورکمانی لە شاری هەولێر دەستپێکرد و کۆبوونەوەکان ماوەی نیو کاتژمێری خایاند و لەمیانەدا لایەنە تورکمانییەکان داواکاریی و پرۆژەی خۆیان پێشکەش بە ڕێزدار مەسرور بارزانی کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ڕێگاکە بۆ ماوەی 50 ڕۆژ دادەخرێت

ڕێگەی کۆیە نۆژەندەکرێتەوە

بەرێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە سەر بودجەی بەرێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر بە گۆڕەی چوار ملیار و چوارسەد و هەشتا ملیۆن دینار سەر لە نۆی ڕێگای کۆیە قیرتاو دەکرێتەوە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

کۆمپانیای گەلف کیستۆن:

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان بەرز دەکەینەوە

کۆمپانیای گەلف کیستۆنی بەریتانی لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، تا نیوەی دووەمی ساڵی داهاتوو ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرز دەکەنەوە بۆ 55هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە. کە ئێستا تەنها 30 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمدەهێنن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

تڕەمپ: سوپای ئەمەریکا هەر کات و ساتێک ئامادەی هێرشکردنە بۆ سەر ئێران

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تڕەمپ ڕایگەیاند کە دوێنێ بڕیاریاندا بوو کە هێرش بکەنە سەر سێ شوێنی جیاواز، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی زانیاری ئەوەی کە لەوانەیە 150 کەس بەم هۆیەوە ببنە قوربانی، 10 خولەک پێش هێرشەکە بڕیارەکەیان هەڵوەشاندووەتەوە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی کوەیت لە هەولێر کرد

رۆژی پێنجشەمە 20ی6ی2019 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە دکتۆر عومەر ئەحمەد ئەلکندری کونسوڵی گشتیی کوەیت لە هەولێر و شاندێکی یاوەری کرد.
لە دیدارەکەدا کونسوڵی گشتیی کوەیت لە هەولێر سلاوی ئەمیری کوەیتی بە سەرۆک بارزانی گەیاند و ئاماژەی بەوە کرد کە بەڕێزیان هیوای دەخواست لەگەڵ سەردانەکەی بۆ بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام دەرفەتەکە نەڕەخسا و بەتەلەفۆن پەیوەندیی بە جەنابتانەوە کرد و ئێمەشی ڕاسپارد جارێکی دیکە سلاو و ڕێزی بەڕێزیان بە جەنابتان بگەیەنین.
هەر لەو کۆبوونەویە جەخت لە پەیوەندییە مێژوویییەکانی نێوان گەلی کوردستان و گەل و دەوڵەتی کوەیت کرایەوە و شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بە پێشکەوتنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند و پیرۆزباییان لە سەرۆک بارزانی کرد. لە بەشیکی دیکەی دیدارەکەدا ڕەوشی سیاسیی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا خرایە بەر باس.





لە نامەیەکدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

جێرمی هەنت: بەریتانیا شانازی بەو پەیوەندییە مێژوویییە دەکات کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی

بە بۆنەی ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە نامەیەکدا جێرمی هەنت وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات و تێیدا هاتووە:

بەڕێز جەنابی مەسرور بارزانی هەڵبژێردراو بۆ سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەبۆنەی ڕاسپاردنتان بە سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پیرۆزبایینامەتان بۆ دەنووسم.
شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا شانازی بەو پەیوەندییە مێژوویییە دەکات، کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی و لەشەڕی داعش لەپاڵ عێراق و گەلی کورد وەستا.
ئێمە پابەندین بە کارکردن لەگەڵ ئێوە و حکوومەتەکەتان بۆ بنیاتنانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و پێشخستنی چاکسازی ئابووری و حکوومەتێکی کاراو کاریگەر، هەروەها پشتیوانی لە پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەولێر و بەغدا دەکەین.
ئاواتی سەرکەوتنتان لەو ڕۆڵە نوێیەدا بۆ دەخوازم.

مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری لەگەڵ زۆرینەی پارتە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە


پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان جەخت لە پشتیوانیکردنیکردنی کابینەی نۆیەمی حکوومەت هەرێمی کوردستان دەکەنەوە











ئامادەکردن و فۆتۆ: بریار کۆیی

ڕێزدار مەسرور بارزانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لەگەڵ پارتە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی تازە حکوومەت و داواکانیان لە کابینەی تازە کۆبوونەوە.
سەردانەکان و کۆبوونەوەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری بۆ لای پێکهاتەکان سەرلەبەیانی دوێنێ شەمە 2019/6/22 سەرەتا بە کۆبوونەوەی لەگەڵ 9 لایەنی تورکمانی لە شاری هەولێر دەستپێکرد و کۆبوونەوەکان ماوەی نیو کاتژمێری خایاند و لەمیانەدا لایەنە تورکمانییەکان داواکاریی و پرۆژەی خۆیان پێشکەش بە ڕێزدار مەسرور بارزانی کرد.
لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا محەمەد سەعەدین، سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە وەکو داوایان کردووە پۆستی ڕاوێژکار و بریکاری وەزیر و چەند بەڕێوەبەرایەتییەکیان پێبدرێت، هەروەها لە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانیش نوێنەریان هەبێت، جەختیشیکردەوە کە وەکو لایەنە تورکمانییەکان پشتگیری خۆیان بۆ کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتدەکەنەوە.
وێستگەی دووەمی سەردان و کۆبوونەوەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری بریتی بوو لە سەردانیکردنی بارەگای بەرەی تورکمانی لە شاری هەولێر و لەلایەن ئایدن مەعروف سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی و بەرپرسانی دیکەی ئەو حزبە تورکمانییەوە پێشوازییان لێکرا و پاشان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و لەمیانەدا بەرەی تورکمانی داواکانی خۆی سەبارەت بە کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشکرد.
وێستگەی سێیەمی سەردان و کۆبوونەوەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری بریتی بوو لە سەردانیکردن و کۆبوونەوە لەگەڵ هاوپەیمانیی یەکێتیی نەتەوەیی کریستیانەکان، شاندەکە لەلایەن ڕۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی بێت نەهرێن و بەرپرسانی دیکەی هاوپەیمانییەتییەکەوە پێشوازییان لێکرا و لەمیانەی کۆبوونەوەیەکدا داواکاریی خۆیان سەبارەت کابینەی تازەی حکوومەت پێشکەش بە ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری کرد.
مەسرور بارزانی، ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری بە مەبەستی بەشداریی پێکردنیان لە کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هاوپەیمانی یەکێتیی نەتەوەیی کریستیانەکان کۆبوونەوە کە لە سێ پارتی سیاسی پێکهاتوون و خاوەنی سێ کورسی پەرلەمانین.
لە لێدوانێکیدا ڕۆمیۆ هەکاری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پشتگیری خۆیان بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتدەکەنەوە و ئاشکراشی کرد کە داوایان کردووە لە جومگە جۆراوجۆرەکانی دەسەلات پۆستیان پێبدرێت.
پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری لە هەولێر کرد و لەمیانەدا لەگەڵ یونادم یوسف کەنا سکرتێری بزووتنەوەکە و بەرپرسانی بالآی بزووتنەوەکە کۆبوونەوە و گفتوگۆ ئەنجامدرا سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداریکردنیان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.
دوا وێستگەی سەردانەکانی ڕێزدار مەسرور بارزانی و شاندی یاوەری بریتی بوو لە سەردانیکردنی بارەگای ئەنجوومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری و لەمیانەدا لەگەڵ بەرپرسانی بالآی ئەنجوومەنەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر گفتوگۆ ئەنجامدرا و داواکارییەکانی خۆیان سەبارەت بە پشکیان لە کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرکۆماری عێراق کۆدەبێتەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالح سەرکۆماری عێراق کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە پاشنیوەڕۆژی رۆژی پێنجشەمە 2019/6/20 لە کۆشکی سەلام بەڕێوەچوو، جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور و بەرژەوەندیی نیشتمانی و گرنگیی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر ـ بەغدا کرایەوە.

هەردوولا سەردانی شاندی هەرێمی کوردستانیان بۆ بەغدا بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، هاریکاریی زیاتر بەمەبەستی پەرەپێدانی ڕۆڵی دامەزراوە یاساییەکان و دروستبوونی سازان و کاری هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەپێناو بەرژەوەندیی پێکهاتەکانی گەلی عێراق، بە گرنگ زانی.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا بەهێزکردنی گفتوگۆ و ڕێزگرتن لە بنەماکانی دەستوور بە شێوەیەک ئامانجە هاوبەشەکان دەستەبەر بکات و ببێتە فاکتەرێک بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانە، هەروەها دوا پێشهات و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکە و جیهان، خرانە بەر باس و گفتوگۆ.

نێچیرڤان بارزانی و عادل عەبدولمەهدی

جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەنەوە

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان ئامادەی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە لەسەر بنەمای دەستوور و بەرژەوەندیی نیشتمانی



بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، جەختیان لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە.

لە کۆبوونەوەیەکی دۆستانە و ئەرێنیدا ڕۆژی پێنجشەمە 2019/6/20 لە بەغدا، بڕیار درا کە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق، دەست بە قۆناغێکی نوێی دانوستان بکرێت و هەفتەی داهاتوو لیژنەیەکی هاوبەشی هەردوولا لەسەر ئەجێندای گفتوگۆکان و پرسەکانی وەک ماددەی (140)و نەوت و بودجە و دارایی و پێشمەرگە و کێشە هەڵواسراوەکانی دیکە، کۆببنەوە و ئامادەکاری بکەن بۆ دەسپێکردنی گفتوگۆ لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا.

هەردوولا کۆک بوون کە قۆناغی داهاتوو لە عێراق و ناوچەکە پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگیی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە و دەرفەت و زەمینەیەکی لەبار دروست بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە دەبێ بە گیانێکی نیشتمانیانەی هاوبەشەوە لە بەرژەوەندیی تەواوی عێراق و هەرێمی کوردستاندا بقۆزرێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێت.

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دووپاتی کردەوە کە قوواڵیی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان بەغدایە و چارەسەری دۆزی هەرێمی کوردستان لە بەغدایە، بۆیە هەرێمی کوردستان خوازیار و ئامادەی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە لەسەر بنەمای دەستوور و بەرژەوەندیی نیشتمانی.

نێچیرڤان بارزانی و حەلبووسی

پەیوەندییەکانی هەولێر ، بەغدا تاوتوێ دەکەن



لە کۆبوونەوەیەکدا بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان محەمەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، پابەندییەکانی هەردوو حکوومەتی فیدراڵ و هەرێم لەسەر بابەتی دارایی و نەوت، یاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی 2019 لە بەغدا بەڕێوەچوو، گرنگیی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ و چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە هەڵپەسێردراوەکانیان بە گیانی برایانە و هاوبەشیی نیشتمانی، تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕۆژی پێنجشەمە 2019/6/20 لە بەغدا بەڕێوەچوو، هەردوولا هەروەها تیشکیان خستە یاسای نەوت و غاز و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای دادگای فیدراڵی. بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ بڕەودان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری و بەرژەوەندیی هاوبەشی دووپات کردەوە، ئامادەیی هەرێمی کوردستانیشی نیشان دا بۆ پێشوازیکردن لە لیژنەیەکی پەرلەمان بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە تەواوی دۆسیەی نەوتی هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان.

کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانیی جیهانی بەسەر گەرووی هورموزدا گەشت ناکەن



دوای هێڵی ئاسمانیی شاهانەی هۆڵەندا، هەر یەک لە هێڵەکانی ئاسمانیی بریتیش ئێرەوەی، ئێر فرەنس، لوفتانسا ، قانتاس، یونایتد ئێرلاینس، مالیزیا ئێرلاینس و سنگاپور ئێرلانس ڕایانگەیاند کە بەهۆکاری ئەمنیی بەسەر گەرووی هورموزدا گەشت ناکەن. هێڵەکانی ئاسمانیی بریتیش ئێروەی بەریتانی، ئێر فرەنسی فەڕەنسی، لوفتانسای ئەڵمانی، قانتاسی ئوسترالی، کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی یونایتد ئێرلاینس، مالیزیا ئێرلاینس و سنگاپور ئێرلانس ڕایانگەیاند کە بەهۆکاری ئەمنیی بەسەر گەرووی هورموزدا گەشت ناکەن و ڕێگای نوێیان دۆزیوەتەوە. جێی باسە پێشتر هێڵی ئاسمانیی شاهانەی هۆڵەندا، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە بەهۆکاری ئەمنیی بۆ ماوەیەک بەسەر گەرووی هورموزدا گەشت ناکات.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق کرد

خوان خۆسێ ئیسکۆبار: دۆخی سیاسی دەخوازێت پەلە لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم بکرێت



ڕۆژی پێنجشەمە 20ی حوزەیرانی 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، پێشوازیی کرد لە خوان خۆسێ ئیسکۆبار، باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق و مارینا دێ ڕامۆن، بەرپرسی ئۆفیس باڵیۆزخانەی عێراق لە هەرێمی کوردستان.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، سەبارەت بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێیەم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: پەرلەمانی کوردستان چاوەڕێی گەیشتنی پێکهاتە وەزارییەکەی کابینەی نوێیە بۆ متمانەدان پێیان، کە پێشبینی دەکەین لە ماوەیەکی نزیکدا ئامادە بێت و لەگەڵ گەیشتنیشی، پەرلەمانی کوردستان بەزووترین کات کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات بۆ متمانەدان بە کابینەکە.

لای خۆیەوە خوان خۆسێ ئیسکۆبار، باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق، جەختی لەسەر پێویستیی پەلەکردن لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم کردەوە و ڕایگەیاند: دۆخی سیاسیی ناوچەکە دەخوازێت پەلە لە پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئامادەیی خۆی و وڵاتەکەشی دەربڕی بۆ هەموو جۆرە هاوکاری و هەماهەنگییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ و دووڕخستنەوەی هەڕەشەی تیرۆر لە ناوچەکەدا.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان نامەیەکی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی پیرانی ژاپۆنی پێگەیشت



ڕۆژی 2019/6/20 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە کاتسومی مۆریاسو، کونسوڵی گشتیی ژاپۆن لە هەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا کونسوڵی ژاپۆن خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، نامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی ژاپۆنیشی گەیاندە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوەشکرد ئەمە یەکەمین جارە کە پەیوەندیی ئاوا لەنێوان پەرلەمانی کوردستان ئەنجوومەنی پیرانی ژاپۆن دروست ببێت و هیواداربن ئەو پەیوەندییانە پەرەیان پێببردرێت بە تایبەت لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ژاپۆن، هەروەها باسی لە دووبارە دروستکردنەوەی گرووپی دۆستایەتیی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و ژاپۆن کرد. هەروەها خۆشحاڵیی خۆی بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕاسپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی. لای خۆیەوە د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، وێڕای بەخێرهێنانی کونسوڵی گشتیی ژاپۆن بۆ پەرلەمانی کوردستان و گەیاندنی سوپاسگوزاریی خۆی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی پیرانی ژاپۆن، دروستبوونی ئەو جۆرە پەیوەندییانەی بە گرنگزانی بۆ هەرێمی کوردستان.

لە پەراوێزی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا

شرۆڤەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدی شارەزایاندا



خەبات: تریفە ئازاد

ڕۆژی هەینی 2019/6/21 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتی تورکیای کرد، لە ئیستەنبول لە لایەن رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا پێشوازی لێکراو لە سەردانەکەیدا وێڕای تاوتوێکردنی پرسە سیاسیی و ئابووریەکانی نێوان هەردوو لا، باس لە دواینِ پێشهات و ڕووداوەکانی ناوچەکە کرا، هاوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەندین کۆبوونەوەی گرینگی ئەنجام دا. لەم بەدواداچوونەدا پسپۆرو شارەزایانی بواری ئابووری و نێودەوڵەتی و کاروباری تورکیا شرۆڤەی سەردانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دەکەن.

سەردانێکی زۆر بەهێز بوو

حەسەن ئەحمەد مستەفا شارەزا لە کاروباری تورکیا لە بارەی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا لە کاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان لە ڕووی کارابوونەوەی دامەزراوە نیشتمانییەکان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و ناوچەکەش بە ئاڵۆزییەکی نادیاردا تێپەڕ دەبێت، دەتوانین بڵێین بە دەوڵەتی عێراق و تورکیا و ئێران و هەرێمی ئێمەش ستراتیژییەتەکان زۆر وردن، تا ئەو کاتەی ململانێکەی نێوان ئەمەریکا و ئێران یەکلایی دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەش هەرێمی کوردستانی عێراق وەک هەرێمێکی بەهێز هەرێمێکی فەرمییە بە گوێرەی دەستووری عێراق، دوای کارابوونەوەی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەو سەرۆکایەتییەی بۆی هەڵبژێردراوە و ناوەڕۆکردنی بەڕێز مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە هەڵمەتێکی چڕی دیبلۆماسی کردووە، لەم ستراتیژییە نوێیەدا پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق ستراتیژین و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی عێراق لەخەمی ئەوەدان کە عێراق بە هەرێمەوە لەم ئاڵۆزییانە و ململانێیە دەربچێت و بۆ هەرێمی کوردستان دەستکەوتی تریشی هەبێت، ئەمەشیان ڕاگرتنی بالانسە لەگەڵ عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا، بۆ هەرێمی ئێمە کارێکی زۆر گرینگە لەم قۆناغەدا، چونکە لەم قۆناغە هەستیارانە بەشێک لە گەلان سەردەکەون، پاراستنی دەستکەوتەکان تەنها لەناو هەرێم ناکرێت، پێویستی بە جموجۆڵ هەیە. وێستگەی دووەمی سەردانەکەی بەڕێزیان بۆ ئەنقەرە بوو کە لە کۆشکی (دۆلما باغچە سەرای) پێشوازی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کرا ئەو کۆشکەی کە سینبولّی تواناو میژوویی تورکیایە لەبەر ئەوەی (مستەفا کمال ئەتاتورک) لەوێ پێشوازی لە میوانان کردووە، بۆیە پێشوازییەکە پێشوازییەکی تایبەت، لە هەمووی گرنگتر سەردانەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ پرۆپاگەندە بۆ هەڵبژاردنەکان بەکار نەهات کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی نەبوو هیچ تەفاسیلێک لەسەر سەردانەکە نەبوو تەنانەت لە ڕاگەیاندنەکانی تورکیاش تەنها وێنەکان بڵاو کرانەوە، بۆیە سەردانەکە بەتەواوی بوو، دەبێت سەیری دوای سەردانەکە بکەین و ئەم گەشتە دیبلۆماسیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەردەوامن و درێژدیان دەبێت.

گەشەپێدانی ئابووری پەیوەستە بە گەشەپێدانی سیاسی

دکتۆر سەلاحەدین ئەحمەد دکتۆرا لە ئابووری نێو دەوڵەتی لە بارەی سەردانەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ئابووری لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: چوونی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا وەرچەخانێکە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوەی وڵاّت، تورکیاش دەوڵەتێکی بەهێزە لە ناوچەکە پەیوەندیشان لەگەڵیان هەیە لە پێشترێش پەیوەندی ئابووری و سیاسیمان هەبوو لەگەڵ تورکیا. ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی شارەزاییەکی زۆری هەیە، کە چۆن پەرە بەم پەیوەندییە بدات لە ڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، یەکێکیش لەم سێکتەرانەی کە پێویستە گرینگی پێبدرێت سێکتەری ئابوورییە، تورکیاش ئیستقراری سیاسی هەبێت ئەو کاتە گەشەی ئابووری زیاتر دەکات، گەشەپێدانی ئابووریش پەیوەستە بە گەشەپێدانی سیاسی، هەر لە دوای ئەم سەردانەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا لە داهاتوویەکی نزیک ئەم کۆمپانیانەی پیشەسازی و بازرگانی ڕوو دەکەنە کوردستان لەبەر ئەوەی ژینگەی وەبەرهێنان لە کوردستان دەبوژێتەوە، چاوەڕێ دەکرێت پەیوەندییەکان لە ڕووی ئابووری زۆر باش بن و ببوژێنەوە و لەگەڵ بەغداش کە ڕۆژێک پێشتر ڕێزدرار کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و لەوێ لەگەڵ بەرپرسان کۆبوونەوە، چاوەڕی دەکرێ لە ڕووی ئابوورییەوە پێشکەوتنی زۆر بەخۆی بێنێت لە داهاتوو.

پەیوەندیی پتەوی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا واتای پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی لێ دەخوێنرێتەوە

سانع شریف شێروانی مامۆستا لەزانکۆی سۆران و قوتابی دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی لە بارەی سەردانەکەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دەڵێت: ئەم سەردانە بۆ هەرێمی کوردستان دەنگدانەوەی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بکەین بۆ سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا ئەوا گرنگی ئەم سەردانە بۆ هەرێمی کوردستان بە دەرەجەی یەکەم ئەوە دەردەکەوێت کە چەند زەرورو پێویستە هەم لە ڕووی نێودەوڵەتیەوە هەم لەڕووی بەرەوپێشچوونی لایەنی ئابووری و سیاسییەوە کە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لە سەر چارەنووسی داهاتووی سیاسی هەرێمی کوردستان، هەروەها تورکیا ئەندامێکی کارای هاوپەیمانی ناتۆیەو خاوەن پێگەی سیاسی و بڕیارە لە ناوچەکەو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش ڕۆڵی تورکیا نادیدە ناگرێت، بەتایبەتی لە لایەن هەردوو دەوڵەتی زلهێزی ئەمەریکا و ڕووسیا، بۆیە هەبوونی پەیوەندییەکی پتەوی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا واتای پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی لێ دەخوێنرێتەوە لە سەر بنەمایەکی دیبلۆماسی. لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی ئابووریەوە گرنگییەکی پڕ بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، چونکە تورکیا سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەروازەی بە بازاڕی کردنی نەوت و غازی هەرێمی کوردستانە بەڕووی وڵاتانی ئەورووپادا، کە ئەمەش کارێگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر زیادبوونی داهاتی هەرێم و بەرەوپێشچوونی کەرتی ئابووری هەرێم. بەپێچەوانەوەش هەرێمی کوردستانیش بۆ تورکیا گرنگە بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە کە دەتوانێت ئەو بۆشاییە وزەیەی بەهۆی سزاکانی ئەمەریکا بەسەر ئێراندا سەبارەت بە کڕینی نەوت پڕ بکاتەوە، بۆیە ناچارە ئەڵتەرناتیڤی تر بدۆزێتەوە کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ئەڵتەرناتیڤانە، لەگەڵ ئەمەش کڕینی غازی هەرێمی کوردستان زۆر باشتر و نزیکترە و بە نرخێکی هەرزانتریش بۆی دەکەوێ وەک ئەوەی لەڕێی ڕووسیاو ئازەربایجانەوە بۆی دابین دەکرێت، دەکرێت بڵێین تورکیا چەند بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە وە هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە بۆ تورکیا گرنگە.

ئومێدێک بۆ ئاشتەوایی زیندوو دەکاتەوە

هێژا دلشاد نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند بەکاروباری تورکیا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سەردانێکی پۆزەتیڤ و لەجێی خۆی بوو، بەوەی کاتی سەردانەکەی پەیوەست بوو بە چەند تەوەرەیەکەوە یەکەمیان ئەوەیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەچێتە بەغدا و پاشان یەکەم سەردانی دەرەوەی بۆ تورکیا دەکات، ئەمەش پەیامی گرنگ و بەهای هەیە، بەوەی نیازپاکییەک بۆ ئاسایینبوونەوەی پەیوەندییەکان نیشاندراوە کە یەکیان لەگەڵ بەغدا و ئەویتریش ئەنقەرەیە کە ماوەی نزیکەی ٣ ساڵە هیچ سەردانێکی فەرمی سازنەکراوە، هەرێمی کوردستانیش کارەکتەرێکی سیاسی گرنگە بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا، نێچیرڤان بارزانی قابیلیەت و توانای هەیە کە ڕۆڵی ئیجابیانە بۆ چارەسەری پرسەکان لەنێوان بەغداو کوردستان و هەروەها ئەنقەرەو هەولێردا بگێڕێت. سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا جێی باسی میدیاکان بوو بەوەی ڕۆژێک پێش سەردانەکەی ئۆجەلان پەیامێکی بڵاوکردەوە کە باسی لە پرۆسەیەکی ئاشتی دەکات. هاوکات بەڕێز بارزانی ماوەیەک لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی ئەڵمۆنیتەر گوتی: پێویستە پرسی کورد لە تورکیا بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت و شەڕ هیچ چارەسەرێک لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. لە پرۆسەکانی پێشووتردا کە نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵی ئاشتەوایی گێڕاوە پێدەچێ ئەمجارەش تەرحی ئاشتەوایی بۆ لایەنی تورکی کردبێت. ئەمەش یەک لە ئەگەرەکانە کە ئومێدێک بۆ ئاشتەوایی زیندوو دەکاتەوە بێگومان، لەبەر ئەوەی نێچیرڤان بارزانی دامەزرێنەری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بووە لەسەر ئاستی حکوومەت کە ئەوکات لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیر بوو توانی ئەو پەیوەندییانە پەرەپێبدات.



حەسەن ئەحمەد مستەفا



دکتۆر سەلاحەدین ئەحمەد



سانع شریف شێروانی



هێژا دلشاد

کۆمپانیای گەلف کیستۆن: ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان بەرز دەکەینەوە

د. کاوان ئیسماعیل: ئەم هەنگاوە لە ڕووی سیاسیشەوە کاریگەریی باشی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت

کۆمپانیای گەلف کیستۆنی بەریتانی لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، تا نیوەی دووەمی ساڵی داهاتوو ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرز دەکەنەوە بۆ 55هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە. کە ئێستا تەنها 30 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرهەمدەهێنن. سەبارەت بە ڕاگەیەندراوەکەی کۆمپانیای گەلف کیستۆن، شارەزایەکی گرێبەستە نەوتییەکان ڕایگەیاند، ئەو هەنگاوەی کۆمپانیاکە سوودێکی زۆری ئابووری و سیاسیی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت. د. کاوان ئیسماعیل، شارەزای بواری گرێبەستە نەوتییەکان بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەنگاوەکەی گەلف کیستۆن گرنگیی تایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت، بەتایبەت لە ڕووی پەیوەندییە نەوتییەکانی نێوان هەولێر و بەغداوە، چونکە بەهۆی نەبوونی یاسای نەوت و گازەوە، بەرهەمهێنانی نەوت باسێکی هەمیشەیی نێوان هەردوولایە. د. کاوان ئیسماعیل ڕاشیگەیاندووە: لە لایەکی دیکەوە، زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت دەبێتە هۆی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان و زیاتربوونی داهات و ڕسوومات بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. د. کاوان ئاماژەی بەوەش دا: جگە لە ڕووە ئابووریەکەیەوە ئەم هەنگاوە لە ڕووی سیاسیشەوە کاریگەریی باشی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت و دەتوانێت لە داهاتوودا بە بەهێزێکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ پرسە سیاسی و ئابووریەکان بکات.



شاخەوان عەبدوڵڵا: پارتی لە کۆمەڵێک لاوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی کەرکووک دەدات

لەگەڵ هەڵبژاردندایین بەڵام بەو شێوەیە نا کە کەرکووک بە بارودۆخێکی نائاساییدا تێدەپەڕێت

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق، کە هاوکات ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووکە، رایدەگەیەنێت بۆ کۆتاییهێنان بە داعش لە کەرکووک، پێویستە لەناو باڵەخانەی پارێزگاوە دەستپێبکرێت، ئێستا داعش لەنێو پارێزگای کەرکووکدایە و دەستیان بەسەر هەندێک جومگەی ئەمنیی ناو پارێزگاکەدا گرتووە. گوتیشی: دەرگای کەرکووک بە ڕووی تووندئاژۆکان کراوەتەوە، کە بووەتە هۆی زیادبوونی کردەوەی تووندوتیژی.

شاخەوان عەبدوڵڵا لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ باس لەبارەی هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک، رایگەیاند: هەوڵەکان بەردەوامن ?لەو چوارچێوەدا پارتی لە کۆمەڵێک لاوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی کەرکووک دەدات و هەوڵەکانیش هەنگاوی باشیان بڕیوە. سەبارەت بە هۆکاری زۆربی جموجۆڵەکانی داعش لە دەوروبەری کەرکووک، ئەو ئەندامەی پێشووی پەرلەمانی عێراق، گوتی: هەمان ئەو هێزەی داعشی هێنا و ناوچە سوننییەکانی ڕادەستی ئەو تیرۆریستانە کرد بۆ وێرانکردنی، هەمان ئەو هێزە ئێستا لە ناوچەکەدان و ئەو کاتە بە کەسانی خۆفرۆشەوە کردەوەکانیان دژ بە هاوواڵاتیان دەکرد، بەڵام ئێستا خۆیان لەناو کەرکووکن، جاران داعشی دەهێنا و ئێستا سەروەتی ئەو ناوچانە بە سووتاندنی ماڵ و موڵک و زەویی خەڵکەکە لەناو دەبات.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، ئەوەی خستەڕوو، ئێمە لەگەڵ هەڵبژاردنداین، بەڵام هەڵبژاردنێک بەو شێوەیەی ئێستا نا، کە کەرکووک بە بارودۆخێکی نائاساییدا تێدەپەڕێ، جگە لەوەی هەندێ ڕێکار لە ژمارە 12ی یاسای هەڵبژاردنی بۆ ساڵی 2018 هەندێک بابەتی تردا هەیە، کە پێویستە بکرێ، ئەویش ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و گەڕانەوەی ئاوارەکان و کردنەوەی بارەگاکانی پارتی و گەڕانەوەی شکۆیە بۆ تاکی کورد لە کەرکووک، ئەوکاتە هەڵبژاردن بکرێت، ئێمە وەکو کورد بێ منەتین لە هەڵبژاردن، پێمانوایە هەر کاتێک هەڵبژاردنێکی ئازاد لەو شارە بکرێ، زۆرینەی ئەو شارە هەر کورد و دەنگ دەدات.

شاخەوان عەبدوڵڵا، باسی لەوەشکرد کە تەعریبکردنەوەی کەرکووک بەردەوامە و گوتی: تەعریب بە کۆمەڵێک قۆناخ کراوە و دەکرێت، ڕێگەیان بە کۆمەڵێک عەرەب داوە و بە فەرمی لە بەغداوە نفووسیان بگۆڕن بۆ کەرکووک، بە نموونە لە ناوچەی سەقڵاوییەی سەر بە بابل، خەڵک هاتووە بۆ کەرکووک و نفووسی گواستووەتەوە بۆ کەرکووک، کە ئەوەش ئامانجی تائیفیی لەپشتە و سەقڵاوییەیان لە سوننە پاک کردەوە و ڕێگەیان نەدا بگەڕێنەوە زێدی خۆیان، کەچی ئەوانیان هێناوە بۆ کەرکووک، کە دوو ئامانج دەپێکێ، یەکەمیان بۆ زیادکردنی ڕێژەی عەرەبە و دووەمیان پاککردنەوەی بابلە لە سوننە، لایەکی ترەوە کارتی زانیاریی بۆ عەرەبە هاوردەکان دەردەکرێت، کە ئەوەش دەبێ هاووڵاتیی ئەو شارە بێت تا کارتی زانیاریی بۆ دەربکرێت، بەڵام ئێستا ئەوەی لە کەرکووک دەکرێت نایاساییە، جگە لەوەش مۆڵەتیان بە هەندێک خێزانی عەرەب داوە فۆرمی خۆراکیان بگوازنەوە بۆ کەرکووک، ئەمانە هەمووی بەشێکن لە تەعریب، هەروەها عەرەبە هاوردەکان دەگەڕێنەوە سەر زەویی کشتوکاڵیی کوردان لە سنووری کەرکووک و کێشە بۆ جووتیارانی کورد دروست دەکەن.



وەکو کورد پێمانوایە هەر کاتێک هەڵبژاردنێکی ئازاد لەو شارە بکرێ، زۆرینەی ئەو شارە هەر کوردە و دەنگ دەدات

لە چوارچێوەی بەعەرەبکردنەوەی کەرکووک و تەواوی ناحیە و گوندەکانیدا

12 هەزار خێزانی عەرەب کە قەرەبوویان وەرگرتبوو، گەڕاونەتەوە کەرکووک

دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەعەرەبکردنی کەرکووک بە چڕی دەستی پێ کردووەتەوە و ئەو خێزانە عەرەبانەی قەرەبوو کرابوونەوە و گەڕێندرابوونەوە بۆ پارێزگاکانی خۆیان، ئێستا جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک و دەستیان بە داگیرکردنەوەی ماڵ و زەویی هاووڵاتییانی کورد کردووەتەوە.

عەدنان کەرکووکی گوتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک ژ گەرمیانی پارتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە چوارچێوەی بەعەرەبکردنەوەی کەرکووک و تەواوی ناحیە و گوندەکانیدا، 12 هەزار خێزانی ئەو هاووڵاتییە عەرەبانەی کە لە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستووری عێراقدا قەرەبوو کرابوونەوە و گەڕانرابوونەوە بۆ پارێزگاکانی خۆیان، جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە پاش 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ڕێژەیەکی زۆر جیاواز لەو عەرەبانەی کە بۆ شارەکانی خۆیان گەڕێندرابوونەوە، ئێستا هاوردەی کەرکووک کراونەتەوە، ئەوەش مەترسیی بۆ سەر ئایندەی شارەکە و ڕێژەی کورد هەیە. کەرکووکی دەشڵێ: بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ ڕاگرتنی بەعەرەبکردنی کەرکووک و هاتنی خێزانی عەرەب بۆ شارەکە ئیشی پێ نەکراوە و بەردەوام خێزانی عەرەب هاوردەی کەرکووک دەکرێت، تەنانەت تۆمارکردنی نیشتەجێبوونیشیان وەک هاووڵاتیی ئەو شارە بۆ ڕێک خراوە. گوتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە کەرکووک گەرمیان گوتیشی: ئەو خێزانە عەرەبانەی کە بە پێدانی پارچەیەک زەوی و 20000 ملیۆن دینار قەرەبوو کراونەتەوە، ئێستا کارتی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ شارەکەیان و بەشێکی زۆریان گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک و دەستیان بەسەر خانوو و زەوی و ماڵی کورد. ڕاشیگەیاند: ئەو هاووڵاتییانەی ناحیەی جلەولە زەخار کە گەڕاونەتەوە، لە لایەن هێزە شیعەکانەوە ڕێگەیان پێ نەدرا بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناحیەیە، ئێستا هەموویان لەناو سەنتەری شارەی کەرکووک نیشتەجێ بوون.

سەرۆکی ئەمەریکا، مارک ئەسپەر بۆ پۆستی وەزیری بەرگریی کاندید دەکات

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ئاشکرایکرد لەجیاتی وەزیری بەرگریی ولاتەکەی بە وەکالەت، پاتریک شاناهان، سکرتێری گشتیی هێزە وشکانییەکانی ئەمەریکا، مارک ئەسپەر بۆ هەمان پۆست کاندید دەکات. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لەلایەن کۆشکی سپیییەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە بە فەرمی ترەمپ مارک ئەسپەر بۆ پۆستی وەزیری بەرگریی، کاندید دەکات. لە ئێستادا پاتریک شاناهان بە وەکالەت پۆستی وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بەڕێوەدەبات و لە ڕۆژی دووشەمەوە ئەو پۆستە دیسان هەر بە وەکالەت دەدرێتە، مارک ئەسپەر و لە کورتترین ماوەدا کاندیدبوونی ناوبراو بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگریی، پێشکەشی ئەنجوومەنی پیران دەکرێت. پاشان کاندیدبوونی ئەسپەر بۆ پۆستەکە دەخرێتە دەنگدانەوە و ئەگەر دەنگی پێویستی بەدەستهێنا، دەبێتە وەزیری نوێی بەرگریی ئەمەریکا.

ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر تەواوکردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی نەدا

مەیادە نەجارِ بۆ «خەبات»: بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان دەنگ لەسەر تەواوکردنی کابینەکە نەدرا



خەبات: بڕیار بوو دوێنێ شەمە 2019/6/22 کابینەی حکوومەتی عێراق تەواو بکرێت، بەڵام پەرلەمانی عێراق ئەو بڕگەیەی لە بەرنامەی کاری دانیشتنی خۆی لادا کە تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر تەواوکردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی، ئەمەش دوای ئەوە دێت، پێشتر موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر ماوەی 10 ڕۆژی وەک مۆڵەت خستە بەردەم عەبدولمەهدی بۆ تەواوکردنی کابینەکەی، بەڵام لەو ماوەیەدا سەرۆکوەزیرانی عێراق نەیتوانی کابینەکەی تەواو بکات، وێڕای مۆڵەتەکە هاوکات ڕەوتی سەدر داواشی لە سەرجەم حزب و لایەنەکان کردبوو گوشار بخەنە سەر سەرۆکوەزیران بۆ تەواوکردنی کابینەکەی.

سەبارەت بە هۆکاری دواخستنی دەنگدان لەسەر تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی عێراق، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەیادە نەجارِ، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات، ڕایگەیاند: ئەو بڕگەیەی تایبەت بوو بۆ دەنگدان لەسەر تەواوکردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی دەرهێندرا، سەبارەت بە هۆکاری لادانی ئەو بڕگەیەش، مەیادە نەجارِ، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتیشی: بەهۆی ئەوەی تەوافوق لەسەر کاندیدەکان نەبوو، دەنگدانەکە لە کارنامەی دانیشتنی پەرلەمان دەرهێندرا و بەهۆیەوە نەتواندرا کابینەی حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی تەواو بکرێت.

هێشتا چەند وەزارەتێک لە کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی ماون کە متمانەی پەرلەمانیان وەرنەگرتووە، شیعە و سوننە و لایەنی کوردیش، سەرنجیان لەسەر ناوی کاندیدەکان هەیە بۆیە کابینەکە تەواو نەبووە، بڕیار بوو دوێنێ شەمە دوای ماوەیەک چاوەڕوانی پەرلەمان دەنگ لەسەر تەواوکردنی کابینەکە بدات، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر ناوی کاندیدەکان ئەو بڕگەیە لە کارنامەی دانیشتنی پەرلەمان دەرهێندرا کە تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر تەواوکردنی کابینەکە و بەهۆیەوە عادل عەبدولمەهدی نەیتوانی کابینەکەی تەواو بکات، ئەمەش لە کاتێکدایە ڕەوتی سەدر هەڕەشەی خۆپیشاندانی لە دەکات.

ترەمپ: سوپای ئەمەریکا هەر کات و ساتێک ئامادەی هێرشکردنە بۆ سەر ئێران

ئێران نە لە بەرامبەر ئەمەریکا نە لە بەرامبەر جیهان، هەرگیز نابێتە خاوەنی چەکی ناوەکی



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە دوێنێ بڕیاریاندا بوو کە هێرش بکەنە سەر سێ شوێنی جیاواز، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی زانیاری ئەوەی کە لەوانەیە 150 کەس بەم هۆیەوە ببنە قوربانی، 10 خولەک پێش هێرشەکە بڕیارەکەیان هەڵوەشاندووەتەوە. ترەمپ لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕایگەیاند کە شەوی هەینی بڕیاری هێرشکردنە سەر ئێرانیان دەرکربوو، بەڵام لە دواساتی پاشگەزبونەتەوە.

ترەمپ لە بارەی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمەریکی لە لایەن ئێرانەوە گوتی: ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان خستە خوارەوە. شەوی هەینی بە تەواوی ئامادەبووین بۆ هێرشکردنە سەر سێ شوێنی جیاواز لە ئێران. پرسیارم کرد بەوەی کە ئایا چەند کەس بەم هۆیەوە دەبنە قوربانی جەنەڕاڵێک گوتی: 150 کەس گەورەم. پێش 10 خولەک لە هێرشەکە بڕیارەکەم ڕاگرت. ئەمە هاوسەنگی نییە بەرامبەر خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان. پەلەم نییە لەبارەی هێرشکردنە سەر ئێران. ترەمپ جەختی لەوەش کردەوە کە سوپای ئەمەریکا هەر کات و ساتێک ئامادەی هێرشکردنە سەر سێ شوێنی جیاواز لە ئێران و گوتیشی: ئێران نە لە بەرامبەر ئەمەریکا نە لە بەرامبەر جیهان، هەرگیز نابێتە خاوەنی چەکی ناوەکی. ترەمپ بەرگری لەوەشکرد کە کە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، باراک ئۆباما ڕێککەوتنێکی زۆر خراپی لەگەڵ ئێران واژوو کرووە و ئەم ڕێکەوتنە دەرگای بۆ "بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی" بۆ ئێران کردووەتەوە.

سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەش دا کە ئێران لە جیاتی ئەوەی سوپاسی ئەمەریکا بکات، بەڵام هوتافی "مەرگ بۆ ئەمەریکا" دەڵێتەوە و گوتیشی: ئەو ڕێککەوتنەم هەڵوەشاندەوە کە تا ئێستا لە کۆنگرێسیش واژوو نەکراوە. گەمارۆم سەپاند بەسەر ئێران. ئەمڕۆ ئێران بە گوێرەی ئەو ڕۆژەی کە من تێدا بووم بە سەرۆک زۆر لاوازتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەلایەکی دیکەش فەرماندەی هێزەکانی ناوەندی ئەمەریکا، خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی سەر بە هێزەکانی ئەمەریکا لەلایەن ئێران کە لەسەر گەرووی هورمز فڕیوە، پشتڕاستکردەوە.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
یەک شەمە 2019/6/23 ژمارە (5772)
خەبات

وەزارەتی کارەبا:

لە ڕێی وزەی خۆرەوە کارەبا بەرهەم دەهێندرێت



بەپێی لێکۆڵینەوەکان، هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەرچاوەی وزەی خۆرەوە. وەزارەتی کارەباش ڕایگەیاندووە، ڕێککەوتنیان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکدا کردووە بۆ دامەزراندنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەرچاوی وزەی خۆرەوە.

بەپێی ئەو توێژینەوە و بەدواداچوونانەی لە وەزارەتی کارەبا لەبەردەستدایە، وزەی خۆر لە هەرێمی کوردستان داهاتوویەکی زۆر باشی هەیە و دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا.

دیار تاهر بابان، بەڕێوەبەری گشتیی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە وەزارەتی کارەبای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، کە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە وزەی خۆربان لەناو وەزارەتدا هەیە، کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە.

هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەکان ڕایگەیاند، هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەرچاوەی وزەی خۆر.

دیار تاهر بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای کرد، کە ڕێککەوتنیان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکدا کردووە بۆ دامەزراندنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەرچاوەی وزەی خۆر و، ئێستا لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆیی و جیهانییەکان سەرقاڵی گفتوگۆن ناوبراو ڕوونی کردەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر ئاستی پڕۆژەی بەرزە، هاوکات کارەبا لە سەرچاوەی وزەی خۆر.

ڕاپۆرت و دیراسەکانمان ئامادە کردووە و هەموو تەواو بووە، ئێستاش لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا لە گفتوگۆداین و زانیاریەکان ئاڵوگۆڕ دەکەین و لەڕێر دیراسەدایە، هەتاوەکو بتوانین ڕەزامەندیی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ وەربگرین و بە شێوەیەکی وەبەرهێنان جێبەجێ بکرێت.

هەر لەوبارەیەوە بابان دەشڵێت، تواڕیانە لە هەوڵێر سێ پڕۆژەی بچووک جێبەجێ بکەن، کە لە لایەن UNەوە بودجەکەی بۆ دابین کرابوو، کە ئەویش قوتابخانەیەکە لە عەنکاوە و کۆیە، لەگەڵ نەخۆشخانەیەک لە کەسنەزان، لەگەڵ ئەوەدا نزیکەی دوو ساڵە ئەو پڕۆژانە لەکاردان و بە بەردەوامی 24سەعات وزەی کارەبا بۆ ئەو سێ دامەزراوەیە دابین دەکەن، ئەمەش تەنها وەکو تێستێکی سەرەتایی بوو، بە خۆشحاڵییەوە ئەو سێ پڕۆژەیە سەرکەوتوو بوونە.

بە بەهای زیاتر لە 17 ملیار دۆلار

وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستاندا کراوە



مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە داتا و ژمارە کۆی گشتیی وەبەرهێنانی کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان لە نێوان 1/8/ 2006تاوەکو 2019/6/19 بڕاوە دەکاتەوە.بەگوێرەی ئەو داتایانەی کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی زانیاریی سەر بە دەستەی گشتیی وەبەرهێنانەوە بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دراون، دەردەکەوێت کە لە نێوان 1/8/2006 تاوەکو 2019/6/19 لە هەرێمی کوردستان بە بەهای 7478952632 دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریدا کراوە.لە داتاکەی دەستەی گشتیی وەبەرهێناندا هاتووە: لەو ماوەیەدا بڕی حەوت ملیار و چوارسەد و حەفتاوهەشت ملیۆن و نۆسەد و پەنجاودوو هەزار و شەشسەد و سیودوو دۆلار 7478952632 وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریی کوردستاندا کراوە.سەبارەت بە ژمارەی پڕۆژەکان بەگوێرەی شارەکان، ئامارەکەی دەستەی وەبەرهێنان دەریدەخات، بەگشتی لە سنووری هەرێمی کوردستان 152 پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام دراون، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە: لە سنووری پارێزگای هەولێر 77 پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام دراون، کە 26پڕۆژەیان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێ دراوە، هەروەها 51 پڕۆژەش لە لایەن خودی دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتی پێ بەخشراوە.لە سنووری شاری سلێمانی بە هەڵەبجەشەوە، لەم ماوەیەدا بە گشتی 19 پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام دراون، کە 9 لەو پڕۆژانە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانییەوە مۆڵەتیان پێ دراوە و هەروەها 10پڕۆژەش لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێ بەخشراوە.هەر بەگوێرەی ئامارەکەی دەستەی وەبەرهێنان، کە تایبەت بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان نێردراوە، دەردەکەوێت: لە شاری دهۆک لەم ماوە دیاریکراوەدا 56 پڕۆژە ئەنجام دراون، کە 27 پڕۆژەیان لە لایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان پێ دراوە و هەروەها 29 پڕۆژەش لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەبەرهێنانی دهۆکەوە مۆڵەتیان پێ بەخشراوە. لەبارەی سەرجەم پڕۆژەکانیشەوە دەردەکەوێت کە لە کۆی ئەو 152 پڕۆژەیە، 144 پڕۆژە لە لایەن وەبەرهێنەرانی ناوخۆوە ئەنجام دراون و 3 پڕۆژە لە لایەن وەبەرهێنەرانی بیانی و 5 پڕۆژەش بە هاوبەشی لە نێوان وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆیی ئەنجام دراون.سەبارەت بە ڕووبەری پڕۆژەکانیش بەگشتی دەردەکەوێت کە کۆی گشتیی ئەو پڕۆژانە لەسەر ڕووبەری 6410 دۆنم ئەنجام دراون.

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران:

پردێکی گەورە دروستدەکرێت

د.ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەهەژماری تایبەت بەخۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک بڵاویکردووەتەوە، کە ڕەزامەندی دراوە بەدابینکردنی بودجەی پێویست بەبڕی هەشت ملیارو 450 ملیۆن دینار بۆ دروستکردنی پردی تووقوت کە پارێزگای هەڵەبجە دەبەستێتەوە بەهەردوو قەزای دەربەندیخان و شارەزوورەوە.

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەشڵێت ، بەمەش هاتوچۆ ئاڵوگۆڕیی بازرگانی لەنێوان هەڵەبجەو ئیدارەی گەرمیان ئاسان دەکات و قەرەبالغیش لەسەر ڕێگای هەڵەبجە ـ سەیدسادق کەمدەکاتەوەو سودی تایبەتیشی دەبێت بۆ دانیشتوانی ناحیەی بەمۆی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە.

ڕاشیدەگەیەنێت، ئەم پڕۆژەیە داخوازییەکی لەمێژینەی هەڵەبجەیی و گەرمیانیەکان بوو، هیوادارم بەزوترینکات و بەکوالێتیەکی باش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەرکی تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجەشە لەنزیکەوە ببنە چاودێر.



وەزیرێ کوچوکوچبەرێن ئیراقێ د هەمبەر ئەو پێشوازیا ل ئاوارەیان سوپاسیا حکوومەتا کوردستانێ دکەت

خەبات- دهوک: نەوفەل بەهاء موسی وەزیرێ کوچ وکوچبەرێن حکومەتا ئیراقا فیدرال و شاندێ دگەلدا سەرا کوچکا پارێزگەها دهوکێ دا ژلایێ فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەری و ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن ئاوارە وپەنابەران پێشوازی لێ کرن.

دهڤدیتنەکێدا بەحسێ ڕەوشا ئاوارە وپەنابەران ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ وئەو فشارا ئێخستیە سەر هەموو سەکتەرێن خزمەتکاری وئەو هاریکاریێن ب ڕێکا پارێزگەها دهوکێ ورێکخراوێن خێرخاز و مروڤایەتی و وەزارەتا کوچ وکوچبەران بو دهێتە کرن ب گشتی هاتە کرن.پاش دکونگرەکێ ڕوژنامەڤانیدا وەزیرێ کوچ وکوچبەران سوپاسیا هەرێما کوردستانێ و پارێزگەرێ دهوکێ و کارگێریا پارێزگەهێ و خەلکێ دەڤەرێ ب تایبەتی کر هەمبەر ئەو پێشوازیا ل ئاوارەیان کری کو ژسالا 2014ێ هەتا نوکە هەموو ڕەنگێن خزمەتێ پێشکێشی وان کرین و تەکەزکر کو هاتنا گەلەک ئاوارا بو سنورێن پارێزگەهێ فشارەکا مەزن ئێخستیە سەر هەموو سەکتەرێن خزمەتکاری و پشتی دەڤەرێن لژێر دەستی تیرورستێن داعش ژلایێ سوپایێ ئیراقێ و هێزێن پێشمەرگەی هاتینە ڕزگارکرن ڕێک بو ڤەگەریانا ژمارەکا زور یا ئاوارەیان هاتیە خوشکرن و هندەک زڤرینە سەر مالێن خو هەروسا هندەک ژی ماینە و نوکە ل دوڤ ڕاسپارتن سەروک وەزیرێن ئیراقێ ئەم هاتینە دا ژنێزیک ڕەوشا ئاوارەیان ل پارێزگەها دهوکێ ببینین و ئاریشێن وان بزانین و ڕێکێ لبەر وان خوشکەین کو ڤەگەرنە سەر جهێن خو ومە بەرهەڤێین خو کرینە کو ل ڕوژێن بهێت دێ کۆژمەکێ پارەی ئەوژی ملیونەک و 500هزار دینارن دێ ل سەر هەر خێزانەکا ئاوارە بەلافکەین. ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهوکێ ب تێروتەسەلی دێ بەحسێ ئاریشێن ئاوارا وپەنابەران ل سنورێ پارێزگەهێ هێتە کرن چونکو هەتا نوکە 21 کەمپێن ئاوارە وپەنابەران هەنە وپترڕ 42 هزار خێزانان دناڤ دا دژین وژڤێ ژمارێ پتر ژی ل دەڤەرێ کەمپا دژین وئەڤ سەروبەرە دخوازیت کو هاریکاریا وان پتر بهێتە کرن.

بەرپرسی لقی 16: ئەرکی لاوانە شان بدەنە بەر بەرپرسیارێتی پاراستن و پێشخستنی ئەزموونەکەمان



بەمەبەستی ئاگاداربوون لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانیان و تاووتوێکردنی کارنامەی کاری داهاتووی ڕێکخراوەکەیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی تەیب زرار کارگێڕی لق و خەسرۆ عەزیز بەرپرسی لێژنە ناوچەی بەڕانەتی، لەگەڵ هەریەکە لە بنیادنان و پێشکخستنی کۆمەڵگایەکی بەهێزو تەندروست بەرز نرخاند و ئاماژەی بە بەشێک لە خەبات و تێکۆشان و شەونخونی کادیرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان کرد کە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان بینیوە هەربۆیە بارزانی باوک و سەرکردە لاوانی بەشورای پێڵایین ناوبردووە، ئەمڕۆش لەکاتێکدا گەلەکەمان لەژێر سێبەری پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەئازادی دەژیت ئەرکی لاوانە شان بدەنەبەر بەرپرسیارێتی گەورەی میللەتەکەمان لەبواری جیاجیاکاندا لەپێناو پێشخستن و سەرخستنی زیاتری ئەو ئەزموونەی بەخوێنی هەزاران لەرۆڵەکانی گەلەکەمان بەدیهاتووە.

دواتر کارنامەی کای ڕێکخراوەکە لە هەردوو ناوەندی خەبات و دارتوو خرایە بەرباس و گفتوگۆ بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنیان و دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ کاری داهاتوویان بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی تەواوی چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان بەگشتی و توێژی لاوان بەتایبەتی.

ڕێگاکە بۆ ماوەی 50 ڕۆژ دادەخرێت

بە تێچووی زیاتر لە چوار ملیار دینار ڕێگەی کۆیە نۆژەندەکرێتەوە



بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە سەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر بە گۆڕەی چوار ملیار و چوارسەد و هەشتا ملیۆن دینار سەر لە نۆی ڕێگای کۆیە قیرتاو دەکرێتەوە.

مەحمەد مەهدی بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر بە مالپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: شەقامی کۆیە لە سەر هەمان دیزاینی پێشوتر هەڵدەوەشێنرێتەوە و دووبارە قیرتاو دەکرێتەوە. کە درێژی شەقامەکە 52 کیلۆمەترە و لە کۆتایی جووتسایدی کەسنەزان دەست پێ دەکات تاوەکو ناو شاری کۆیە .

بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا کە تێچووی پڕۆژەکە لە سەر بوودجەی بەڕێوەبەرایەتییەکەیانە بە گۆڕەی چوار ملیار و چوارسەد و هەشتا ملیۆن دینار، ماوەی پڕۆژەکەش تەنها 90 ڕۆژ دەخایەنێت. ڕاشیگەیاند: لە ئێستادا بە هۆی کارکردن لە سەر ڕێگا هاتوچۆ بە تەواوی لە سەرشەقامە قەدەغە کراوە. هەر سەبارەت بە داخستنی ڕێگاکە، زاهیر محەمەد، بەڕێوەبەری هاتوچۆی کۆیە، لەمبارەوە بە باسنیوزی ڕاگەیاند: بەهۆی فراوانکردن و سیانەکردنەوە لە ڕۆژی شەمە 2019/6/22ەوە ڕێگەی کۆیە بۆ هەولێر بۆ ماوەی نزیکەی 50 ڕۆژ دادەخرێت. گوتیشی: شوفێرانی بارهەڵگر ئەوانەی لە هەولێرەوە دێن دەتوانن ڕێگەی بەستی شەلغە لە سنووری شارەدێی سێگردکان و ئەوانەی لە سلێمانی و ڕانیەشەوە دێن ڕێگەی سکتان بەکار بهێنن. زاهیر محەمەد ڕووبیشی کردەوە: ئۆتۆمبیلی تایبەتیش دەتوانن ڕێگەی سماقولی بەکار بهێنن.

هەولێر... چوار شوێن بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان داخران

خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: لەلایەن لێژنەی پشکنینی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر 24 شوێنی جیاجیا پشکنین و بەدواداچوونیان بۆکرا. لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ بە سەرپەرشتیی نەبەز عبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر و سەرۆکی لێژنە، شەوی ڕابردوو، توانرا لە شەقامی شۆڕش و 100م گەڕەکی ڕاپەرین پشکنین بۆ 24 شوێن بکرێ، لە دوکانی مەیفرۆشتن و کافتریا و خواردنگە پێکهاتبوون. لەمیانەی پشکنینەکان سەرپێچیەکان تۆمارکران و چوار شوێن داخران بەهۆی سەرپێچی و پابەندنەبوون بەڕێنماییەکان 20 شوێنیش هۆشداریان پێدرا.





پشدەر... ساڵیادی کۆچی دوایی پێشمەرگە و سەرکردە مەلا حاجی دێلۆیی بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی 2019/6/20 لە گوندی دێلۆی بناری قەندیل لە دەڤەری پشدەر، لە سەر گلکۆی تێکۆشەری دێرین و ناسراو مەلا حاجی دێلۆیی بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی خانەوادەو کەسوکاری سەربەرزی خوالێخۆشبوو مەلا حاجی دێلۆیی و کارگێڕانی لق و لیژنە ناوچەکانی سنوورەکە و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی مەکتەب ناوەندییەکان و دەزگای بالای ئەیلوول و فەرماندەی سەربازی و تێکۆشەرو وەفادارە ڕاستەقینەکانی ڕێبازی بارزانی و کەسایەتی و پیاوماقوڵانی سنوورەکەو کادیرانی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان و جەماوەرێکی بەرچاوی سنوورەکە، لقی11ی پارتی لە ڕێوڕەسمێکی ماتەمئامێز و ساڵیادیدا، ڕێزی لە خەبات و ماندوو بوون و ڕابردووی پڕ لە سەروەریی مەلا حاجی دێلۆیی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستی پارتی گیراو، چەندین وتارو پەخشان خوێنرانەوە و، هاوکات ژیاننامەی خوالێخۆشبووش خوێنرایەوە.هەر لەو ڕیوڕەسمەدا تاجە گوڵینەی ڕێز و وەفای لقی11ی پارتی لەلایەن بەرپرسی لقەوە لەسەر گلکۆی مەلا حاجی دانرا .

سۆران... بۆ یەکەمینجار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان نەشتەرگەرییەکی ئاڵۆز بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا



بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی هەولێر لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای دەکات کە لە نەخۆشخانەیەی گشتیی شاری سۆران بۆ یەکەمینجار لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان نەشتەرگەرییەکی بواری مێشک و بڕپەڕەی پشت ئەنجام دراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا کە وێنەیەکی بۆ باسنیوز نێردراوە هاتووە: بە سەرپەرشتی د. ڕەزا ئیسماعیل سەنیار پزیشکی پسپۆڕی نەشتەرگەری مێشک و دەمار و بڕپەڕەی پشت و بەشداری تیمی نەشتەرگەری هاوولاتییەکی قەزای ڕواندز نەشتەرگەری بڕپەڕەکانی پشتی بەسەرکەوتویی بۆ ئەنجامدرا.

ئاماژەش بە ئەوە دراوە کە ئەو جۆرە نەشتەرگەرییە بۆ یەکەمینجارە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی هەولێر سوپاس و دەستخۆشی لە پزیشکی ناوبراو و تیمی نەشتەرگەری و بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەکە کردووە، ئاشکراشی کردووە کە قەزای سۆران تاکە قەزایە لەسەر ئاستی عیراق نەخۆشخانەی پسپۆڕی تایبەتی بە ئافرەتان و منداڵان و خزمەتگوزاریەکانی قەستەرە و شەبەکە و باڵۆن و نازوور و چاندنی ددان و نەشتەرگەری منداڵان و فاکۆی چاو و ناوبینی میزەڕۆ و ئامێری بەردشکاندنی گورچیلە و گورچیلەی دەستکرد و چەندین پسپۆڕی ورد هەیە.

کەرکووک... لە یەک شەودا سێ ئۆتۆمبێل دزراون

لە سێ گەڕەکی شاری کەرکووک لە سێ کاتی جیاوازدا سێ ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان دزراون.

بەپێی زانیارییەکانی باسنیوز یەکەم حاڵەتی دزینی ئۆتۆمبێل لە گەڕەکی ڕەحیمئاوا بووە، کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری کیا بارهەڵگر بە ژمارەی تابلۆی کەرکووک مۆدێل 2018 دزراوە.

حاڵەتی دووم دزینی ئۆتۆمبێل لە کەرکووک لە گەڕەکی موسەلا بووە کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپڵ ئۆمیگا ژمارەی کەرکووک دزراوە.

لە حاڵەتی سێیەمیش لە گەڕەکی باروودخانەی ئەو شارە ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە جۆری کیای بارهەڵگر دزراوە.

هەر سێ حاڵەتی دزینی ئۆتۆمبێلەکان لەبەردەم ماڵی خاوەنەکانیان بووە و پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە لەبارەی دزینی ئۆتۆمبێلەکان کردووە.

لە دوای16ی ئۆکتۆبەرەوە بارودۆخی ئەمنیی کەرکووک ڕۆژ بەڕۆژ تێک دەچێت و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان ناتوانن کۆنترۆڵی دۆخی ئەمنیی ئەو شارە بکەن.

ئاگادارییەکی دڵخۆشکەر لە پاسپۆرتی هەولێرەوە بۆ هاووڵاتیان

بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر، لە ڕاگەیەندراوێکدا هاووڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە، کە دەوامی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان زیاد دەبێت و دەبێتە دوو شیفت، بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان بکەن. بە گوتەرەی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتییەکە، لە ڕێککەوتی 23ی 6ی2019ەوە لە هەردوو نووسینگەی یەک و دووی پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر، بە دوو شیفت دەوام دەکەن و هاووڵاتییان دەتوانن سەرجەم مامەڵەکانییان ئەنجام بدەن.وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەمەش بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی زیاتری هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی جەنجاڵی سەر بەڕێوەبەرایەتییەکەیە.

بە هۆی شەڕی پەکەکە و تورکیا لە دەڤەری برادۆست 115 گوند چۆڵکراون



پەکەکە و تورکیا بە قۆناێی زیاتر لە 30 کیلۆمەتر ململانێ و تێکهەڵچوونە سەربازییەکانیان هێناوەتە نێوخاکی هەرێمی کوردستان و لە دەڤەری برادۆست لەسێگۆشەی سنووری لەکۆی 263 گوند 115 گوندیان چۆڵکراون، بەردەوامی بارودۆخی ناهەمواری ناوچەکە وایکردووە گوندنشینان زیانی زۆری مالی و گیانیان بەربکەوێت و بەشێک گوندنشینانیش داوای دوورخستنەوەی شەڕ لە پەکەکە و تورکیا دەکەن ناخوازن چیتر گوندەکانیان بەهۆی شەڕی ئەوان چۆڵ بکەن.یەکێک لە قوربانییەکانی شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا لەناوچە سنووربیەکانی هەرێمی کوردستان خۆشەویبە، ئەو وەک پێشمەرگە بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژی داعشی کردووە و گیانی پارێزراو بووە، دواجار خۆشەوی دەبێتە قوربانی ئاگرێک هیچ هۆکار و بیانوێکی ڕەوای تێدا نابینێ و ئەوان باجی دەدەن.خۆشەوی لە لە بەرەبەیانی 2019/6/5 لەگەڵ بەشێکی گوندنشینانی دوای کۆژاندنەوەی ئاگر کە بەهۆی شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا لە سنووری گوندەکەیان کەوتبووەوە، لە کاتی گەڕانەوە بە ئۆتۆمبێلەکەی دەکەوێتە نیشانەی موشەکێکی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا و قاچی چەپی دەپەڕێت. لەلایەکی دیکە زۆر لە گوندە سنووربیەکانی سەر بە پارێزگای دهۆک بوونەتە مەیدانی شەڕی پەکەکە و تورکیا و بەشێک لە گوندنشینان ناوێرن بگەڕێنەوە گوندەکانیان، هاووڵاتییەکی گوندی کەشان دەڵێ پەکەکە هەڕەشەی لێکردوین کە نەچینەوە ناو گوندەکەی خۆمان، منیش لەبەر ئەوە بە چەکەوە دەچمەوە گوند.

لە پۆڵەندا توێژینەوەی قوتابیەکی کورد بە یەکێک لە باشترین توێژینەوەکانی ساڵ هەڵبژێردرا



خەبات- هاوار مورتکەیی: پێشەنگ نەوشیروان حەمەکریم، قوتابی ماستەر لەزانکۆی پۆلیتەکنیکی وارشۆ بەشی ئەندازیاری ژینگە توانی بەپلەی 'نایاب 'قۆناغی ماستەر تەواو بکات، توێژینەوەکەی پێشەنگ لەلایەن دەستەی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی وارشۆ بە یەکێک لەباشترین توێژینەوەکانی ئەمساڵ دەستنیشانکرا.

توێژینەوەکە باس لە هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی سیستەمی چارەسەری خۆڵ و خاشاکی شاری سلێمانی دەکات و پێشنیاری ئەزموون و تەکنەلۆژیای ولاتی ئەڵمانیا و پۆڵۆنیا دەکات، توێژەر خۆی بەشێوەیەکی کرداری لە ئەڵمانیا و پۆڵۆنیا و کوردستان کاری لە سەر توێژینەوەکەی کردووەو نەخشەڕێگایەکی تایبەتی ئامادەکردووە.

لەمبارەیەوە زیاد ڕەئووف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا گوتی: جێی شانازیە کە قوتابی کوردەکانمان بوون ب ئەستێرەیەکی گەشاوە لە زانکۆکانی پۆڵۆنیا و پیشانی دەدەن کە قوتابی کورد چەندە بەتوانا و زانستدۆستە، هەروەها زیاد ڕەئووف لەنزیکەوە چاوی بە پێشەنگ نەوشیروان کەوت و دەستخۆشی و پیرۆزبایی خۆی ئاڕاستەکرد و هیوای داهاتوویەکی گەشی بۆ خواست لە خزمەتکردنی کوردستاندا، لەلایەکی ترەوە بەمەبەستی خزمەتی زیاتر و گواستنەوەی ئەزموونی وڵاتی پۆڵۆنیا لە چارەسەرکردنی کێشەی خۆڵ و خاشاکدا، زیاد ڕەئووف ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ هەموو یارمەتییەکی لۆجیستی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیە زانستیە ژینگەییەکانی نێوان پۆڵۆنیا و کوردستان.

لای خۆیەوە پێشەنگ نەوشیروان دەستخۆشی لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا و خودی زیاد ڕەئووف کرد لەمەر پێشکەشکردنی هەموو جۆرەهاوکارییەکی و کارئاسانیەک بەتایبەتی لە پێناساندنی کۆمەڵێک دەزگای ژینگەیی پۆڵۆنی و هیوای ئەوەی خواست کە لەداهاتوودا لەڕێی ئەو ئەزموونەی کەهەیەتی بتوانێت کێشە ژینگەییەکانی کوردستان چارەسەر بکات.

وەزارەتی ناوخۆ: پاڵاوگە نایاساییەکان هەڵدەگرین

بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، وەزارەتی دارایی 200 ملیۆن دیناری بۆ وەزارەتی ناوخۆ تەرخان کردووە و دەست بە هەڵگرتنی پاڵاوگە نایاساییەکان دەکەین.

د. سامی جەلال، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی داوە کە پارەمان بۆ خەرج بکات و نووسراویشی کردووە بۆ خەرجکردنی پارەکە لەلایەن وەزارەتی دارایییەوە و پارەکەش تەرخان کراوە، بڕیە دەست بە هەڵگرتنی پاڵاوگەکان دەکەین.بە گوتەی د. سامی، کاتی ئەوە هاتووە هەڵگرتنی پاڵاوگە نایاساییەکان زیاتر دوانەخرێت، چونکە ناکرێ ئەو پاڵاوگانە لە کاری خۆیان بەردەوام بن، بڕیە دەست بە هەڵگرتنیان دەکەین و تەنها داخستن نابێت و بە یەکجاری هەڵدەگیرێن. لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 163 پاڵاوگەی نایاسایی هەن و ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی پێشووی حکوومەت، بڕیاری داوە سەرجەمیان بە یەکجاری هەڵبگیرێن.

جادەییێن ناحیا ئەتروش دهێتە قێرکرن

سەرۆکێ باژێرڤانیا ئەتروش ڕاگەهاند، ڕێکا دناڤبەرا شێخان و ناحیا ئەتروش دا ب درێژاهیا 35کیلۆمەتران و ب کۆژمێ 700 هزار دۆلاران دهێتە قێرکرن. سالم عەزیز بەرەکات، سەرۆکێ باژێرڤانیا ئەتروش بۆ باسنیوز دیار کر، چەندین ساڵە ڕێکا سەرەکی یا ناحیا ئەتروش هەموو ببوو تەسە و کەندو و کور و گەلەک گازندە ل سەر هەبووینە، بەلێ ژ بەر قەیرانا کار تێدا نەهاتبو کرن، لێ نها ب پشتەڤانیا دراڤی یا کۆمپانیا پترۆلێ HKN و ڕێڤەبەریا گشتیا ڕێک و پرا و ب هەڤکاری و سەرپەرستیا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا ئەتروش، ئەڤ ڕێکە ژ زالگەها ئەتروش هەتا گوندێ نسرا و ڕۆبەتکا ب درێژاهیا 35کیلۆمەتران دهێتە قێرکرن و ب کۆژمێ 700 هزار دۆلاران. ئاشکرا ژی کر کو ڕۆژانە نێزیکی 140 ترۆمبێلێن تانکەر و بارهەڵگر هاتن و چوونێ ل سەر ڤێ ڕێیێ دکەن و نها دەست ب قێرکرنا ڤێ جادێ هاتیە کرن و ئەم ب ژڤانێن د ماوێ 10 ڕۆژان دا ڤێ جادێ ب دوو ماهی بینین.



لە نزیک ڕووباری سیروان سەدان مریشکی مرداروەبوو فڕێدەدرێ



خەبات- سەبریە یوسف: لەنێوان گوندەکانی بەرلوت و چاڵەیش لەنزیک شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، سەدان مریشکی مردارەوەبوو فرێ دەدرێ وهێشتاکەسیش بەهۆکاری فرێدانیان نەگیراوە. سیروان حەسەن، بەرپرسی ڕاگەیاندن و سەرۆکی لیژنەبالای لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی کەلار، بەخەباتی ڕاگەیاند: لەلایەن نەناسروانەوە ژمارەیەکی زۆری مریشکی مردارەوەبوو لەسەر ڕۆخی ڕووباری سیروان لەنێوان گوندەکانی بەرلوت و چاڵەرەش فرێدراون. گوتیشی: فرێدانی ئەو لاشانە بۆتە هۆکاری مەترسی ژینگەیی و تەندروستی بۆیە لیژنەکامان سەرقاڵی ئەوەن سەرەداواێک بدۆزنەوە و بزانن کێ بەوکارە نەشیاوە هەستاوە. جەختیشی کردەوە لەکاتی گرتنی کەسی سەرپێچیکاری بەتوندی سزا دەدرێت.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/6/23 ژمارە (5773)
خەبات

خواست و داواکاری کوردستانیان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان

خەبات:تریفە ئازاد

پاش ئەوەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێراوی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد. لە 12ی6ی2019 نێچیرڤان بارزانی یەکەم فەرمانی سەرۆکایەتی دەرکرد بە ڕاسپاردنی، بەڕێز مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی هەرێمی کوردستان. هەڵبەت نێچیرڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی چالاک و دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی و خەباتگێرێکی بە ئەزموون لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا،لەتوانایدایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکاتە چەترێکی کۆکەرەوەی ناوماڵی کوردستان بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزا کانی کوردستان بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستەجەمعی و ئاراستەیەکی هاوبەش، بەهێزەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاوبنێت. هەروەها بە ڕاسپاردنی بەڕێز مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستان دڵنیادەکرێنەوە کە پارتی دێموکراتی کوردستان دەخوازێ کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنێت بۆ ئەوەی هێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری لە کوردستاندا بەرجەستە ببێت. بەم شێوەیە پڕۆسەی سیاسی و حکومڕانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان یەکەم هەنگاوی خۆی نا. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی خەبات لەم تەوەردا ڕاو بۆچوون و خواست و داواکاریی شارەزایان و پسپۆران و هاووڵاتیانی کوردستان بۆ حکوومەت و کوردستانیان دەخاتەڕوو.

دەبێت حکومەت پایەی پەروەردە و فێرکردن لە کۆمەڵگا بەبەرزی بهێڵێتەوە لە سەرەتا دا مامۆستا ڕەسوڵ محەمەمین بەڕێوبەری پەروەردەی مەخمور لە بارەی گرینگیدان لە حکوومەتی داهاتوو بە بواری پەروەردە لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بێگومان ژێرخانی زانستی هەر گەل و وڵاتێک لەسەر بناغەی سیستەمی خوێندن بونیادنراوە ئەگەر سیستەمی خوێندن سیستەمێکی نوێ و زانستی و بابەتی و واقیعی بێت و دەرهاویشتەی واقیعی کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی ژیانی ئەو سەردەمە بێت ، بێگومان زەمینەیەکی لەبار و گونجاو بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی کەسانێکی زانا و دانا و شارەزا و بلیمەت دەرخستنێ و دەبێتە هۆی ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لەجەقبەستوویی و بەستەڵەکی هزری و مەعریفی ، بەڵام ئەگەر سیستەم ، سیستەمێکی سەقەت و ناتەواو بێ و کەم و کوڕی و خەوشی تێدابێت و لەسەر بنەمای زانستی دانەڕێژرابێت ، ناتوانێ ببێتە خاڵی وەچەرخان بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: (هاوێشتنی بەردی گەورە نیشانەی نەپێکانە) ئەم پەندە ئەو وانەیەمان پێ دەدات کەمرۆڤ هەرگیز پەنا بۆکارێک نەبات کە لەدەرەوەی تواناکانی دابێت ، واتە جۆری کارەکە لەگەڵ ئاست و توانا هزری و جەستەیی و زانستییەکانی قوتابی تێکنەکاتەوە و نەتوانێ لە بیاقی کارکردنا پراکتیزەیان بکات و بەگشتی هۆکارەکانی پاشکەوتنی ئاستی پەروەردە و فێرکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کێشەو گرفتە سیاسییانەی لەم چەندسالەی ڕابردوودا بالی کێشاوە بەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەت عێراق و تا ئاستێک هەرێمی کوردستان وەک بوونی چەندین ڕێکخراوی تیرۆریستی و قەیرانی دارایی و پەرەسەندنی مادەهۆشبەرەکان کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر سێکتەری پەروەردە و لایەنی دەروونی مامۆستاو قوتابیان هەبوو لەپاڵ ئەمەشدا نەبوونی سیستەمێکی گونجاو و دروست کە لەم چەند سالەی دواییدا چەندین سیستەم گۆڕانکاری پێکراوە و نەبوونی ژینگەیەکی تەندروست و چاودێری نەکردنی قوتابی لەلایەن خێزان و قوتابخانەوە و هەبوونی کەمتەرخەمی لەپێداویستی و کەل و پەلی پێویست لەقوتابخانەکان و نەبوونی پلانی تایبەت لەلایەن خودی قوتابییەوە کەس ناتوانێ ڕۆلی زانکۆکان لەپرۆسەی خوێندنا نادیدە بگرێت ، چونکە ئاستی وشیاری و هزری و مەعریفی و زانستیی خەڵک و بەها ئەخلاقیی و ئایینی و کەلتووریی و فەرهەنگییەکانی زانکۆکان ، کارییگەریان لەسەر بونیادنانی کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە . هەربۆیەش لەم ڕووەوە زیندووکردنەوەو پایەدارکردن و چەسپاندنی سیستەمی خوێندن نەکات ، ناتوانێ هەنگاوی کڕداری بۆ بنەبڕکردن و نەهێشتنی نەفامی و نەزانی و پاشاگەردانی و دواکەوتوویی بهاوێژێ و ڕابەرایەتی کۆمەڵگایەکی وشیار بکات و سەروەریی و شکۆمەندیی یاساکان و زانست بپارێزێ ،



مامۆستا ڕەسوڵ محەمدامین: چەندە حکومەت بەتەنگ زانست و مەعریفە و خوێندنەوەبێت ئەوەندە کاروانی زانست و زانیاری بەئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا دەڕوات

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان زانکۆکانی کەرتی تایبەت و زانکۆحکومییەکان بەدی دەکرێت ، زانکۆ حکومییەکان لەڕووی زانستی و مەعریفییەوە دواکەوتوون و سیستەمی خوێندن تیایدا کۆنباو (تقلیدی) یەو بەشێوەیەکی کلاسیکی بەرێوە دەچێت بەڵام خوێندن لەزانکۆکانی کەرتی تایبەت ، لەئاستێکی هەرە بەرز و مۆدێرن دایە و ڕۆژانە بەدەیان داهێنانی زانستی و نوێ بەهۆی ئەو سیستەمەوە دێننە ئاراوە و سیستەم لەسەر بنەما زانستییەکان داڕێژراوە و سالانە گۆڕانی ڕیشەیی بەسەر پڕۆگرامەکان دێت ، ئالێرە دا بۆمان دەردەکەوێت بەهۆی پشتگوێ خستنی زانکۆ حکومییەکان و بوونی چەند زانکۆیەکی تازە دەرکەوتووی کەرتی تایبەت هۆکاری سەرەکییە بۆ پاشکەوتنی زانکۆکانی کوردستان لەلیستی زانکۆ جیهانییەکان ، لەداڕشتنی ستراتیژیەتی بەزانستی کردنی کۆمەڵگە ، بەرپرسیارەتییەکی گەورەی لەئەستۆ دایە ، بۆیە چەندە حکومەت بەتەنگ زانست و مەعریفە و خوێندنەوە بێت، ئەوەندە کاروانی زانست و زانیاری بەئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا دەڕوات و خوێندن ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ و توانا هزری و جەستەیەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەخاتە گەڕ بۆ جوانکردنی دیمەنەکانی ژیانی شارستانی . بەڵام ئەگەر حکومەت بەجددی کاری لەسەر بۆیە دەبێت حکومەت پایەی پەروەردە و فێرکردن لە کۆمەڵگا بەبەرزی بهێڵێتەوە.

زۆربەی زانکۆکانمان لە ڕووی بالەخانە و پێداویستییەکانی خوێندنەوە وێران

دکتۆر شوان محەمەد ئەمین خۆشناو مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب بەشی میژوو لە بارەی گرنگی دانی حکوومەتی داهاتوو بە زانکۆکان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: گۆڕانکاریی و پەرەسەندنە زانستییەکان و پرۆسێسی پەروەردە و خوێندنی بالا لە جیهاندا هەنگاوی گەورەیان بڕیوە و خودی ئەم دوو بواری هۆکاری پێشکەوتنی وڵاتەکانن خوێندنی بالا هەوێنی پێشکەوتنی سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێکە. توێژینەوە ئەکادیمییەکان ڕێگایەکن بۆ چارەسەری پرسگەلی سەرەکی باندۆری قەیران و نەهامەتی و نشووستییەکان، هەر بۆیە ئەگەر بە هەرێمی خۆمان بەراورد بکەین جیاوازییەکی گەورە دەبینین، هەرچەندە لە ڕووی توانای مرۆیی کوردستان خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی ئاوەزی زانستییە و هیچی لە توانای ڕۆژئاواییەکان کەمتر نییە، بەڵام ئاریشەی بنەڕەتی لە پرۆسێس و دامەزراوەکەدایە، خودی سیستێمەکە لەبار و گونجاو نییە، کامە پرۆژەی توێژینەوەی زانستی لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومییەوە



د.شوان محەمەد ئەمین: کوردستان توانایەکی گەورەی ئاوەزی زانستی هەیە، حکوومەتی نوێ دەبێت گۆڕانکاری ئەرێنی بکات بۆ پێشکەوتنی زانست

و فەراهەمکردنی زەمینەسازی پێویستە بۆ دەستپێکردن و دروستکردنی ستافی کارا و ڕێنمایی و جێبەجێکردنی پرۆژەکە، بۆیە پێمان وایە کوردستان توانایەکی گەورەی ئاوەزی زانستی هەیە و حکومەتی نوێ دەبێت گوێیان لێبگرێت و دەستگیرۆییان بکات بۆ پرۆسەی گۆڕانکاری ئەرێنی و پێشکەوتنی زانستی و چوونە پێشی پەروەردە و خوێندن دوو ڕەگەزی سەرەکی بنیاتنانی وڵاتە، بە دڕێژایی میژووی مرۆڤایەتی هەموو ئەو کۆمەڵگا و وڵاتانەی کە بەهێز و بالادەست بوون لە ڕووی پەروەردەیی و خوێندەواری و ئاستی زانستییەوە تاکەکانیان لە پێگەیەکی بەرزتر بوون بەراورد بەو وڵاتانەی کە هەمیشە ژێردەست و داگیرکراوبوون و

ریزبەندی(ڕانکینگ)ی زانکۆکانمان و نزیکبوونەوە لە ئاستی زانکۆ گرنگەکانی جیهان, سەبارەت بە کەرتی تایبەت بەداخەوە چەند قوتابخانە و زانکۆیەکی لێ دەربچێت ئەوانەی تر هێندەی لە شێوەی کۆمپانیایەکدان و مەبەستی بازرگانییان لە دواوەیە ئامانجی زانستییان پێوە دیارنییە، سەرەڕای دڕووستکردنی جیاوازی چینایەتی قورسکردنی بارە خێزان و بێزارکردنی گەنجان و بێ هیوا کردنی قوتابیان.

پێویستە کار بکرێت بۆ بەرەوپێشچوونی بواری خوێندن

نێچیرڤان حوسێن کەلاری سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە ئەوان وەک ڕێکخراوی دایک هەمیشە خۆیان بە بەرگریکاری قوتابیان و بەرەو پێش بردنی سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات پێشنیاریان بۆ حکوومەتی داهاتووی کوردستان دەخەنە ڕوو

خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیان نەبوون. هەر لەو ڕوانگەیەوە لە سەدەی ڕابردوو بەشێکی زۆر لە وڵاتان لە دوای هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، گۆڕانکاری دراماتیکی لە پێگەی بەشێک لە وڵاتان هاتە کایەوە ئەویش بە گرنگیدان بە بواری جیاوازەکان و لە پێشینەی ئەو بوارانە زیاتر گرنگیدان بە پەروەردە و فێرکرن وەک بناغەی دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتەکانیان. کوردستان بە هۆی نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، هەمیشە وڵاتانی داگیرکەر ڕێگریان کردووە لە بوونی سیستەمێکی پتەوی پەروەردەیی چونکە ئەوەیان بە مەترسی زانیوە لەسەر داهاتووی وڵاتەکانیان، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی دامودەزگا فەرمی و یاساییەکان لە هەرێم، هەوڵ دراوە بایەخ بەم بوارە بدرێت و لەو ڕووەوە هەنگاوی زۆر باش نراون. ئەوەی ئەم بوارە لە زۆر بواری تر جیادەکاتەوە، پێویستی بوونی گۆڕانکاری بەردەوام و پەرەپێدانی زیاترە بە بوارەکە، بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی ڕەگەزەکانی ئەم بوارە و گونجاندنی لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی سەردەم و ئاشناکردنی تاکەکان بەو چەمک و دەستەواژانەی کە بنەمای بەهێزی وڵاتانی پێشکەوتوون لە بوارە جیاوازەکان. پەروەردە پڕۆسەیەکی فرەڕەهەندە، گرنگیدان بە بیروباوەڕ و بەهاکانی مرۆڤایەتی، ئاستی زانستی و هوشیاری و مەعریفی تاک و پشتیوانیکردن لە توانا و بەهرەکانی تاک لە خۆدەگرێت، ئەمە وا دەکات بۆ پەرەپێدانی زیاتر بەو بوارە، فراوانتر لێی بڕوانرێ و بە پلانی ورد و هەڵسەنگێنداڕاو و بە پشوودرێژییەوە کاری بۆ بکرێت. خاڵێکی زۆر گرنگ کە پێویستە کاری بۆ بکرێت بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم بوارە، بە سەنتەربوونی قوتابییە لە ناوەندەکانی خوێندن چونکە تا قوتابی نەبێتە ناوەندی گرنگیپێدان لە ناوەندەکانی خوێندن لە ئاستە جیاوازەکان، گوێ لە ویست و داخوازییەکانی نەگیرێت، سەرکەوتوو نابین لە بنیاتنانی سیستەمێکی تۆکمە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست. لە ڕابردوودا ئەگەرچی هەنگاوی باش لەم بوارە نراون ب،ەڵام بەهۆی نەبوونی پلانی درێژخایەنی پەروەردەیی یان پوخت نەبوونی پلانەکان، لەخۆنەگرتنی سەرجەم ڕەگەزە جیاوازەکانی بنیاتنانی سیستەمێکی بەهێزی پەروەردەیی و زانستی، وەک پێویست گرنگینەدان بە ویست و داخوازیی تاکی قوتابی کە گرنگترین ڕەگەزە لەو پڕۆسەیەدا و تێکەڵکردنی مللمانێ سیاسییەکان لەگەڵ ئەم بوارە وەک ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوو لە هەوڵدان بۆ بایکۆتکردن و پەکخستنی



نێچیرڤان حوسێن کەلاری: پێویستە حکوومەتی هەرێم بە وردی کاربکات بۆ دەستنیشانکردنی هەموو کەموکوڕییە کارگێڕی و زانستی و ئەکادیمییەکان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

دەمێننەوە و ئەمەش وا دەکات بۆ دەستی کار پشت بە هێزی کاری دەرەکی ببەسترێت کە ئەمە لە دوور مەودادا زیانی زۆری ئابووری لێدەکەوێتەوە، لە هەمان کاتدا بە هۆی ڕیزبەندی زانکۆکانی هەرێم، ئاستەنگی زۆر دێتە پێش دەرچوانیان بۆ دڕێژەدان بە خوێندن لە زانکۆ ئاست بەرزەکانی جیهان. بۆ باشتربوونی ئاستی زانکۆکان، پێویستە حکومەتی هەرێم بە وردی کاربکات بۆ دەستنیشانکردنی هەموو کەموکوڕییە کارگێڕی و زانستی و ئەکادیمییەکان کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و دامەزراوەکانی سەر بەو وەزارەتە بوونیان هەیە، دوورخستنەوەی هەموو ئەو کەسانەی لە ماوەی ڕابردوودا هێندە خەریکی پاراستنی بەرژەوەندییە حزبی و کەسییەکانیان بوون، هێندە لە خەم بەرەوپێشبردنی خوێندنی باڵا نەبوون، گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی کارگێڕی بۆ زانکۆکان و گەڕانەوە بۆ بنەما و ستانداردە جیهانییەکان و پیادەکردنیان لە زانکۆ و پەیانگا حکومی و ناحکومییەکان بە جۆرێک دەرچوانی ئەو زانکۆ و پەیانگایانە لێهاتوویی و کارامەیی ئەوتۆیان تێدابێت کە بتوانن ڕۆلی کاریگەرانە ببینن لە زیاتر بەرەوپێشبردنی کوردستان لە بواری جیاوازەکان.



دیندار مستەفا

سوێند خارنا دیرۆکی

پشتی کو پەرلەمانێ کوردستانێ ب زۆرینەیا دەنگان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی هەلبژارتی بۆ پوستێ سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ. 10/6/2019ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی د ڕێورەسمەکا هەرێمی و نێڤدەولەتیدا، وەکو دووەم سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ سوێندا یاسا خواند. کو د ئەڤێ مەراسیمێ دا زێدەتری 1200کەسایەتییێن سیاسییێن بهێز و ناڤدار و کاریگەر ل سەر ئاستێ ناڤخویێ و دەرڤە پشکداربوون.

دکارین بێژین ئەڤ مەراسیمە ئێکەم مەراسیما دیرۆکی بوو. کو بڤێ ئاوایی بڕێڤە چووی ل سەر ئاستێ هەرێما کوردستانێ و عێراقێ و ڕۆژهەلاتا ناڤین بگشتی. بڤێ چەندێ ژی نێچیرڤان بارزانێ وەکو سەرۆکێ نویێ هەرێما کوردستانێ هەر د ئێکەم ڕۆژا دەرکەفتنا خودا وەکو سەرۆکێ هەرێمێ ئەو گوتنا خو یا بەری مەراسیما سوێند خوارنێ بجهێنا. دەما گوتی: "دێ پوستێ سەرۆکاتیا هەرێمێ کەمە چەترەک بۆ کومکرنا هەمی ئالییێن کوردستانێ ".

ئەوی دئەڤێ ڕۆژێدا هەمی ئالییێن سیاسی و حزبی و جڤاکی و میری و لایەنییێن دیترێن ل هەرێما کوردستانێ و عێراقێ ل بن چەترا سەرۆکاتیا هەرێمێ کومکرن بێ جوداهی. ئەڤەژی بەلگەیەکێ ڕاست هەلگرە بۆ سەلماندنا ئەزمونداری و بهێزیا کەسایەتیا وی دواڕێ بڕیڤەبرنا پوستییێن هەستیار و گرنگێن جەنابێ وی وەرگرتین دهەیامابوری و دنهادا. ژلایەکێ دیترڤە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانێ دگوتارا خودا ئاماژە ب هند خالیێن گرنگ دا کو بدیدا مە ئەگەر هەمێ ئالییێن پشکدار نەپشکدار دئەڤێ مەراسیمێدا ب جدی تێهزرینا خۆ د گوتارا ناڤبریدا بکەن.

دێ دماوێ چوار سالیێن بهێدا هەم هەرێما کوردستانێ و هەمژی بەغدا و هەمژی وەلاتیێن هەڤسی د ئەوپەری ئارامیا سیاسی و جڤاکی و ئابوری و بازرگانیدا دەربازبن. دیر ژ هەر گرفتاریەکێ کو ببیتە ئاستەنگ دکاروانێ بەرجەستەبوون و جێ بەجێکرنا بنەماییێن دیموکراسییا مودێرندا، ئەوا ئەڤرۆکە د گوڕەپانا سیاسی دا ل سەر ئاستێ نێڤدەلەتی دا کار بۆ دهێتەکرن.

دیسان د گوتارا ناڤبریدا ب نەراستەخو باس ل خالیێن دیێن جودا جودا هاتکرن بتایبەت خالیێن ناکوک ئەوێن گریدایی بەغدا و هەولێر و فەدیتنا چارەسەریەکا بنەجھ کو ببیتە ئەگەرێ لهەڤهاتنا هەردوو ئالیان لسەر مەلفێن نەفتێ و خالیێن سنوری و پاراستنا سەروەریا یاسایێ، بجئینانا مادێ 140. هەروەسا خوجهکرنا پشکا هەرێما کوردستانێ د مێزانیا عێراقێ دا.

بڕێکا دەستوریێ هەمیشەییێ عێراقا فیدرال. بڤێ چەندێ ژی سەرۆکێ هەرێمێ دێ شێت رولەکێ کاریگەر بینت دڤان بابەتاندا ژبەرکو ناڤبری ناڤدارە د ئەڤی بواریدا. مەدیت کا چەوا پشتی بویەرێن 16ئکتوبەرێ پەیوەندی دگەل بەغدایێ و جیهانا دەرڤە گرێدان.

جاردن سەنگ و بهایێ هەرێما کوردستانێ زفراندەڤە بۆ بەرییا ئەڤان رویدانان. ب لێزانی و دبلوماسیەتا خو یا بهێز ل ناڤخو و دەرڤە. دیسان سەرۆکێ هەرێمێ باس ل پشتەڤانیا خۆ کر بۆ کابینەیا داهاتێ کو بدیدا مە ئەو دێ شێت پالپشت و چاڤدێر و سەرپەرشتەکێ چالاک بیت د ئەدایا کابینا داهاتی بۆ وێ چەندێ کو حکومەتەکا پر خزمەتگوزاری بیت د هەمی سێکتەرێن ژیانێ دا.

ئەڤە زێدەباری چەندین بابەتێن دن پێن گرنگێن وەکو: "یەکرێزیا نشتیمانی و پاراستنا دەستکەفتێن مللەتێ کورد و هەبونا داڤیەروەرێ و پێکڤەژیانێ و ئاشتەواییا جڤاکی و خزەتکرنا تاکێ کورد بێ جوداهییا ئولی و جڤاکی و سیاسیو پارستنا ئارامیا کوردستانێ ئەوا ب سایێ سەرۆک و بارزانێ و پێشمەرگێن کوردستانێ هاتیە هەبوونێ...هتد."

پارتی و قۆناغێکی نوێ لە هەردوو سەرۆکایەتی هەرێم و وەزیراندا



د. هۆشیار مزەفەر عەلی ئەمین*

پارتی لە خۆیدا بزوێنەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردە، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا و لە دوا ڕۆژیشدا هەر وا دەمێنێتەوە. بەوپێیەش، کە پارتی لەوەتەی لەسەر دەستی مستەفا بارزانی و هاوڵانی دامەزراوە تا ئەمڕۆش خۆی بە خاوەنی کوردستان دەزانێت، تێدەکۆشێت لەپێناو هێنانەدی خەونە لەمێژینەکەی.

هەروەها لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی بۆ کورد و کوردستان تێکۆشاوە و بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ یەک لە سەردەمە جیاجیاکانی عێراق دڕێخی نەکردووە. پارتی بەسەرکردایەتی بارزانی هەنگاوێکی زۆری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ناوە و بە کردەوەکانی زۆربەی کوردستانیانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە و لێی رازیبوونە. هەر لە سەرەتای 1991و 2003و 2014و 2017 واتە لە قەیرانەکان و بەتایبەتی کۆچڕەوە مەزنەکەی دوای جەنگی کەنداوی دووەم و ڕووخانی ڕژێم و هاتنی داعش و لەناوچوونییەوە. پارتی بەپێی ڕەسمییەکانی: حزبێکی دیموکراتی نیشتمانپەروەر و بڕوای بە مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی تاک و مافی میللەتی کورد و نەتەوەکانی دیکەی هەیە. پارتی بەپێی ئەو بنەمایانە خەبات دەکات، کە مسعود بارزانی لەپێناوهێناندییان خەباتی نەپساوەی کردووە. بێگومان بنەمایەکانیش زانستین، شێوازی ئاشتیانە و دیموکراسی پیادە دەکات، کە لەتەجرەبەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی میللەتی کورد و کولتووری نیشتمانی و تێکۆشانی بارزانی بۆی بەجێماوە. ئەمڕۆ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی وەزیران لەلایەن ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی بنیاتدەنرێنەوە و بەم جۆرە دەبینین پارتی خۆی نوێدەکاتەوە و حزبێکی نوێخوازە و ئەمانە نەک هەر سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران نوێ دەکەنەوە، بەڵکو پارتیش نوێدەکەنەوە، ئەمەش لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش ڕوویداوە و ڕوودەدات. پارتی لە ڕووی سیاسییەوە ئامانجێکی هەیە، کە سەرۆک مسعود بارزانی لە یەک لە هەڤپەیڤینەکانی لەگەڵ کەنالی عەرەبییە گوزارشتی لێ کردووە:

«ئامانجی سیاسیم لە ساڵی 1962ەوە هێنانەدی سەربەخۆیە بۆ میللەتەکەم».

هەروەها ئامانجی پارتی پێشتر و دواتریش ئەمە بووە. هەروەها حکوومەت بەپێی تێڕوانینی نێچیرڤان بارزانی پاش ئەوەی سوێندی یاسایی خوارد وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە لە ماوەی ساڵانی داهاتوو کار دەکەین لەپێناو دووبارە بنیاتنانەوەی هەیکەلی پێشمەرگە و زیادکردنی ڕێکخستنەکانی و پاڵپشتیکردنی بزووتنەوەی چاکسازی لەناو داوودەزگەکانی وەک بەشێک لە ڕێکخستنی بەرگری عێراقی.

هەروەها جەختی لە قوربانییەکانی پێشمەرگە کردووەتەوە و هەروەک بەڵێنیشی داوە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بەهێز بکات و تێبکۆشێت لەپێناو نەهێشتنی ناکۆکییەکان و پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکانی دراوسێیەتییەکی باش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و لەسەر بنچینەی بەرژەوەندیی هاوبەش دا. لەبارەی دیاریکردنی تێڕوانینی حکوومەت و حزب و کۆمەڵگەوە دەڵێ: "ئەلتەرناتیڤێکی دیکە نییە جگە لە ڕێزگرتنی دەستوور و جێبەجێکردنی مادەکانی بۆ ئەوەی نەهامەتییەکانی شنگاڵ و موسڵ دووبارە نەبێتەوە". لەبارەی تێڕوانینی حکوومەت جەخت لەوە دەکاتەوە، کە زەروورە پاریزگاری لە ڕۆشنبیری لێبوردەیی و پێکەوەژیانی هاوبەش بکرێت لەنێوان تەواوی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە حکوومەت هەوڵی پتەوکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەواوی هاونیشتمانیانی هەرێم دەدات. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەڵێ:" داهاتی هەرێمی کوردستان بەوە دەوڵەمەندە پێویستە زیاتر وەبەربهێنرێت لەپێناو خزمەتکردنی گەلی کوردستان". ئەمەش کۆکە لەگەڵ تێڕوانینی مسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێی وایە پێویستە دەزگەیەکی سەرۆکایەتی وەزیرانی پیشەگەرانە دابمەزرێت بۆ دابینکردنی دواڕۆژی هەرێم. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە تێڕوانینی کۆن و نوێی پارتیمان دەبەستن بۆ حکوومەتی هەرێم و دامودەزگەکانی سەرۆکایەتی وەزیران. ئەویش ئەوەیە، کە سەرۆک مسعود بارزانی پلانی بۆ دارشتووە لە کۆی تێڕوانینەکانی بۆ حکوومەت و کارگێڕییەکەی.

بەم جۆرە ئەمڕۆ خەریکە پارتی هەردوو ڕێکخراوەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی وەزیران بنیاتدەنێتەوە و ئەم ئەرکەش یەکێکە لە ئەرکە فرەکانی ئەو خەونەی، کە هەیەتی بۆ کوردستان، کە ئێمەش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان خەونی پێوە دەبینین.

*** سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین.**

- بە زمانی عەرەبی تایبەت بۆ «خەبات» نووسراوەو شوان سەرابی وەریگێڕایە کوردی

نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی هاوشانی یەکدی بەرەو کوردستانێکی بەهێز



سەگڤان هالو

دوای ئەنجامەکانی پرۆسەی دەنگدانی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان کە تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستان وەک براوەیێکی بێ ڕەکابەر لە گوڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا 45 کورسی بەدەستهێنا بە جیاوازییەکی زۆر لە گەڵ لایەنە سیاسییەکانی تر، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان مافی ڕەوای خۆیەتی پۆستە سیادیەکان وەربگرێت وەک براوەی یەکەم ببێتە لایەنێکی سەرەکی بۆحکومڕانی کردنی هەرێمی کوردستان.

شایانی باسە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کە بە ئەندازیاری ئاوەدانی و سەرکردەی خۆبەخاوەن زانی گەل و وڵات ناسراوە، لە هەمان کاتیشدا سیاسەتمەتدارو دیپلۆماتێکی سەرکەوتووە و دەتوانێت گەلەکەی لە قەیرانە سەخت و دژوارەکان ڕزگار بکات و خاوەن ئەزمونێکی دەوڵەمەندە لە ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان.

بۆیە هەڵبژاردنی بەڕێزیان بۆ سەرکردایەتی کردنی هەرێمی کوردستان خوی لەم پرنسیپە دیموکراسییەدا دەبینێتەوە، ئەویش پرنسیپی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی گونجاودا کە بێگومان سەرکردەیێکی شارەزا و لێهاتوو و بەئەزمون و شیاوە بو شوێنێکی وەها هەستیار.

ڕێزدار مەسرور بارزانیش کە ڕاسپێردراوە بو پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەک سەرۆک وەزیرانی کوردستان بۆ چوار ساڵی داهاتوو حوکمڕانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڕێزیان کەسایەتییەکی سیاسی ، کارگێڕی، دیپلۆماسی، ئەمنی سەرکەوتووە و ئەوەی سەلماندووە بۆ ناوخۆ و دەرەوە کە خاوەن نوانایێکی زۆرە و کەسایەتیەکی زور شیاوە بو ئەم پۆستە جەنابی مەسروو بارزانی کە دەیان ساڵە قوڕستین ئەرکی پێ سپێدرابوو بەوپەڕی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستاوە و توانی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی بپارێزێت و سەرکەوێت بە سەر ناحەزان و نەیارانی کورد کوردستاندا و مایەی شانازی هاونیشتمانیانی کوردستانە.

بویە بە دڵنیاییەوە ئەم دوو سەرکردە مەزن و لێهاتووە دەتوانن لە چوار ساڵی ئایندەدا کوردستانێکی بە هێز و گەشەسەندوو بونیادبنێن و هەرێمی کوردستان لە گشت بوارەکاندا بەرەو پێشەوە ببەن.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (١) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤١٦٤٧٤ بەروار ٢٠١٦/١٠/١٣ بەبری ٢,١٥٠,٠٠٠ بەناوی چیاو صدرالدین شریف وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

محكمة المواد الشخصيه فى الشمال

اعلان

الى المفقود/ سليم حسين قاسو

قدم السيد / حميد سليم حسين طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول.

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٢) هەولێر ژمارەی پسوولە ١٠٣١٧٥ بەرواری ٢٠١٩/١/٢١ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ولید سیودین حمدامین وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٥٦

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩

ئاگادارى

لەسەر داواى هاوڵاتى (خدر حمدامين احمد) ميراتگرى (حمدامين احمد عبدالله) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (حمدامين جبرائيل عبدالله) بۆ (حمدامين احمد عبدالله) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٧٢) کەرتی ٤/کۆڕی، کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٧/٤) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧

ژمارە: ١٩٦

رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٧

ئاگادارى

ئاگادارى خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٦٨٩) کەرتی ٥/عنکاوە هاوولاتیان (عبدالاحد و بویا و عزیز مندالانی یوسف اللف الخواج سبی حنا بویا و کتی یلدا داودو کە و شیرین جفە و سارا حنا بویا) دەکەبنەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) سالّی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژانەوەی بەشێك لە هەر یەکە لەو پارچە زەویانەی ئامازە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر جا بە خۆتان یان بریکارداتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٧/٩ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکان بەپێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

د. عبدالرحیم عمر مصطفی/ سەرۆکی لێژنە

***

ئەنجوومەنی کوردستان بۆ پسپۆرپە پزیشکیەکان بەرێوەبەرایەتی کارگێری و سامانە مرۆییەکان

ژمارە: ٩٠٤

رێکەوتی: ٢٠١٩/٦/١٨

بۆ/ فەرمانبەر: (د. شاخوان محمد اسماعیل) بەناونیشانی (مامۆستا)

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

دوای دابڕانت لەدەوامی فەرمی لە ٢٠١٩/٦/١٠ داوا لە بەرێزتان دەکەین دەست بەکاربیت لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکەمان لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی (٣٠) سی رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێیت بەپێی مادەی (١٦) شازدە لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالّی ١٩٦٠ راستکراوە.

پ.ی.د. سلیم سعید قادر

سەرۆکی ئەنجوومەنی کوردستان

بۆ پسپۆرپیە پزیشکییەکان/ بەوەکالەت

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی/ میلاکات

ژمارە: ١٠٠/ ٦٣٤٣

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢

بۆ/ بەرێز (اراس مراد یاقو) (بەستەبەندی پێشکەوتوو) لە (سەرۆکایەتی شارەوانی عەنکاوە)

ئاگادارکردنەوە

لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٨ مۆڵەتی بی موچەت تەواو بووە تاکو ئێستا دەستت بەکارنەکردۆتەوە ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی خەبات دەست بەکاربکەیتەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەت دینین.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەرێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:١٨٦٣/ش٢٠١٩/٤

رێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رغدة میثم احمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (محمد ولید صادق) داوای ژمارە (١٨٦٣/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ اسکان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١٥, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە: ٣٥٧/ب٢٠١٩/٥

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (خطاب عمر محمدامین)

ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە (٣٥٧/ ب٢٠١٩/٥) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (کوردستان فکری عبدالمناف) ئەم دادگایە لە رێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٣) بەپاشملە بڕیاری دا بەپابەندکردنت بەدانی بڕی پارە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (١٢٠٠٠٠٠٠٠) سەدو بیست ملیون دیناری عیراقی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنتان لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی نارەزایی اعتراض و تێبینیتان و پێداچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایدا ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٧٨ /ش/ ٢٠١٩

رێکەوتی / ١٨ / ٦ / ٢٠١٩

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : همزه حاجی

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٣٧٨ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٦/١٢) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (روندك عبدالجبار عبدالکریم) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامەیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٢٥٣ /ش/ ٢٠١٩

رێکەوتی / ١٨ / ٦ / ٢٠١٩

راگەهاندن

بو / داوالێکراو: مهدی صالح احمد .

ل دیف داخازیا داواکار یا بەردایا تە (عیشی محمد امین) وکێشا ژمارە (٢٥٣ /ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا پیگیریا تە بودانا خەرجی بوری بو کرو و کچیت تە و داواکارێ پیت ناکام (ڤیان و صالح و دلشاد واڤین) ل روژا (٢٠١٨/١٢/٢٢) تا روژا (٢٠١٩/٤/١٦) و پێگیریا تە بو دانا خەرجێ بەردەوام بو ڤان زاروکا ل روژا (٢٠١٩/٤/١٦) و پێگیریا تە بو دانا خەرجێ دایەنی یێ هەیڤانە بو داواکاری و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (درکار) یا ژمارە (٩٠٣) ل (٦/١٣ /٢٠١٦) ونڤیسارا بەربژارێ کومەلگەها (دەرکارێ) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢ /٧/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر (٩) سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار

ژمارە: ٤١٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩

هۆشداری

هۆشدەر/ (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای Down town Erbil)/ سەرەڕای کارەکەی

هۆشداریکراو/ شیروان اسلام عبدالرحمن

بەرێزتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر (ولید محمود یونس) بریکاری (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای Down town Erbil) بەهۆشداری ژمارە (٣٤٢) لە ٢٠١٩/٦/١٠ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ڤیتاڵ و MRF لە (٢٠١٩/٦/١٦) لە رێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتڕادەگەیەنم هۆشداری بەرێزت دەکەم کەوا تۆ کرێچی بریکاردارمی لە دوکانی ژمارە (١٥٧) نهۆمی (یەکەم) لە باڵەخانەی نیشتمان لە هەولێر بەپرێ کرێی مانگانەی (٨٥٨)$ هەشت سەدو پەنجاو هەشت دۆلار بەپێی گرێبەستی ژمارە (٢) وە لەبەر ئەوەی بەرێزتان کرێی مانگەکانی (ئاب و ایلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم و کانونی یەکەم بۆ ساڵی ٢٠١٦) وە هەروەها مانگەکانی (کانوونی دووەم و شوبات و ئادار و نیسان و ئایار و حوزەیران و تموز و ئاب و ایلول و تشرینی ١ وە تشرینی ٢ و کانونی ١ ساڵی ٢٠١٧) وە مانگەکانی (کانونی دووەم و شوبات و ئادار و نیسان و ئایار و حوزەیران و تموز و ئاب و ایلول و تشرینی ١ وە تشرینی ٢ وە کانونی ١ ساڵی ٢٠١٨) وە مانگەکانی (کانونی دووەم و شوبات و ئادار و نیسان و ئایار و حوزەیران بۆ ساڵی ٢٠١٩) نەداوە لەگەڵ ئەوەی مستەحەق بووە وە دەبێ بیدەی بە کۆمپانیای بریکاردارم بۆیە بەپێی یاسا هۆشداریتان دەکەم کەدەبێت لەماوەی هەشت رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندن بەم هۆشداریە کرێیەکانی سەرەوە کە دەکاتە ($٣٠٠٣٠) سی هەزار و سی دۆلار بدەی بە بریکاردارم بەپێچەوانەوە داوای یاساییت لەسەر تۆمار دەکەین لە دادگای تایبەتمەند (هۆشداری کراو پاساوی نییە).

بۆتان کامیران میران

دادنووسی یەکەم

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

ژمارە/ ٣٧٢٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٨

جاردان

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٣٥٨/٤٤٥ کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (جمال جلال لطیف) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (بانکی الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (١٦٧٢٠٠٠٠٠٠) یەك ملیار و شەش سەدو حەفتا و دوو ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەرێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەرۆ بۆ زانین کریار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت رەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەرێوەبەر / خسرۆ سعید ادم

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٢٠/ك٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سمیر قنبر رشید)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (٤١٣/ج) لەیاسای بنەمای دادگای سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٢ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادوەر / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٢٧٩١/ك٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئالان حمه غریب محمد شریف ناوی دایکی: الماس

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردستان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / کامل توفیق سعید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٢٤٦٥/ك٢٠١٨

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: ١- کریم خالد اسماعیل ٢- مصطفی احمد حمدون

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢ ژمارە ٦) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٣٨٤٥/ج٢٠١٥

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: ١- نەبەز محمد احمد ٢- فریدون محمد احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە: ١٤٣٦/ك٢٠١٩

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: چۆمان جزاء عمر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە: ٥٣٨/ك٢٠١٩

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رێبوار سردار شکر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١٠ف٥) لەیاسای باری کەسێتی وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە: ٥٠٩/ك٢٠١٩

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٦

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شوان خالد لطیف

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

***

mselect.

بابەت /ئاگاداری

کۆمپانیای MSELECT پێویستی بە کارمەندی(Community Liaison Officer) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر.
ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- University Graduate
- Build and maintain positive relations with local communities, community leaders and local officials to ensure support to IOC's operations in the area.
- Monitor and proactively report to management any community issues that may impact operations.
- Receive and track community complaints and work with relevant IOC employees and contractors to timely address received grievances. Deliver responses to community complaints, queries and requests.
- Update local communities on operations status, milestones, progress and issues as appropriate through informal meetings, one-on-one discussions, town halls or focus groups as necessary.
- Participate in community training and social monitoring exercises as part of community outreach program.
- In coordination with Policy, Government and Public Affairs (PGPA) team assist in identifying opportunities for social investments and implementation of such projects.
- Assist in the development of communications materials.
- Assist in development of and management of stakeholder engagement database.
- Ensure regulatory compliance as required.
- Update the local content sheet and work with IOC service providers at the site and make sure the local hiring process meet the requirement.
- Good knowledge of written and spoken English.
- Good background about Sarta block areas.
- Prior Community Engagement experience.
- Understanding of the community issues, concerns and the local dynamic and leadership/ influencers/ decision makers.

تێبینی:

- ئەمەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1342
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

Scanned with CamScanner

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٥١٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بێ کەس حسین حمە لاو
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٧٤٧/ك/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سعد ابراهیم رمل
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٩٣/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/١٢
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگاداکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (یاسین خالد حمد)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٣٣١/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٥/١٢
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگاداکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (١- اسماعیل سعید مارف ٢- صبریة محمد امین)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٠١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٦/١٦
ئاگەهداری
بۆ داوالێکەراو (عبدالکریم علی رمضان)
جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (کلسن عبدالله سلیمان) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا ژیک جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر وەدستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها دهوک ل قەزا سیمیلی کمبا پەنابەرێن سوری ل دومیز ١ لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو رۆژنامەیین روژا نەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٧/٣ ول بەروڤاژی ڤێ جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەبی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ١٢٣/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٦/١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (دلوفان ابراهیم حاتم کریم)
جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێک جودابوون(التفریق) ژتە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (جیلان محمد صالح جوهر) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ تاخی نەوروز ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیک ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١٧/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/١٧
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنا دوویێ پشتی بریارا هاتیە شکاندن (کسر قرار) رادەگەهینیت کو سەرئیک زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو فروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٦٤٩١/١) کەرتێ (٤١) گرێ پانێ ب رووبەرێ (٢٠٧)م٢ هەر کەسێ بڤێت ژوان هاوولاتێن ل دەست پێکێ پشکداری سەرئیک زێدەکرنا فروتنا پارچێ دا کری پشداریێ دڤێ سەرئیک زێدەکرنێدا بکەت لا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ ٧ حەفت روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیک زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٠٦/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ ژیان علی ولی
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٠٦/ج/٢٠١٨وە پاش دادگاییکردنت بەپاشمەلە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٢/٢٦ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٢ دوو ساڵ بەپێی ماددەی ٣١/٤٤٤ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی پشداریێ دڤێ سەرئیک زێدەکرنێدا بکەت لا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ ٧ حەفت روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیک زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٨/ج/٢٠١٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ فتاح سلیمان فتاح
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٨/ج/٢٠١٥ پاش دادگاییکردنت بەپاشمەلە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٢٩ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٥ پێنج ساڵ و (١) یەك مانگ بەپێی ماددەی ٢٩٨ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٦٥/ج/٢٠١٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ فتاح سلیمان فتاح و اسماعیل محمود رضا
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٦٥/ج/٢٠١٧ پاش دادگاییکردنت بەپاشمەلە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١٠ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٨ هەشت ساڵ بەپێی ماددەی ٢٨٩ - ٢٩٨ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٦٥/ج/٢٠١٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ هەڤال حسن محمد حسن
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٦٥/ج/٢٠١٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشمەلە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی هەتا هەتایە (مؤبد) بەپێی ماددەی (٤٠٥) لەیاسای سزا. بەپێی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٦٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ خمیس عبدالملك صالح
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٦٩/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢/دوو سال) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٢٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ توانا رفیق رشید
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٢٤/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢/دوو سال) بەپێی ماددەی (١/٤٥٦) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٣٥٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نظام عیسی شریف
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٥٤/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢١ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٦٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: بارزان محمد عمر
ئاگادارکردنەوە
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٠٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٠٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رەوەز محمود اسماعیل
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٠٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٦٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: بارزان محمد عمر
ئاگادارکردنەوە
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٠٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتی نادیارە بەپێی ماددەی ٢ لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی پێچەوانەوە خۆت بەر پرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (STEEL EYES) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری پزیشکی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٩٩٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (STEEL EYES) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری پزیشکی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (STEEL EYES) بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری پزیشکی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٥/٣٠) کە تۆمارە لەژێر (٢٤١٥٦) لە رێکەوتی ٢٠١٧/٥/١٤ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (RIFAT JALIL) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەرێز (رەوا جمعە مدی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١١٠٨٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (پێشداد) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردە و هەنارەدە و دابینکردنی کەلوپەلی خۆراك/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (پێشداد) بۆ بازرگانی گشتی هاوردە و هەنارەدە و دابینکردنی کەلوپەلی خۆراك/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٦) کە تۆمارە لەژێر (١٣٣٤٦) لە رێکەوتی ٢٠١١/٨/٧ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (دلشاد عمر حمد) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەرێز (فرمان خالد مصطفی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٦/١٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (پێشداد) بۆ بازرگانی گشتی و هاوردە و هەنارەدە و دابینکردنی کەلوپەلی خۆراك/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/بەوەکالەت

دۆخێکی مەترسیدارە!!



غازی حەسەن



ڕۆژ بەڕۆژ قەیرانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بەرەو ئاڵۆزی پتر دەچێت، کردەی تەقاندنەوەی چەند کەشتییەک گومانی دروستکرد، کە ئێران دەستی لە کردەوەکەدا هەبێت، بەڵام خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمەریکی لەلایەن ئێران هیچ گومانێکی نەهێشت و دۆخەکەی خستە بەردەم چەندین ئەگەری ترسناک و گومانەکانی کرده هەقیقەت. یەکێک لەو ئەگەرانە گورزی سەربازی و هێرشە بۆ لێدانی ئێران و سنووردارکردنی هەڕەشە و دەسەلاتیەتی لە ناوچەکەدا.

پرسیاری هەرە گرینگ ئەوەیە ئایا ئێران پارووێکی هێندە چەورە بە ئاسانی هێرشی بکرێتە سەر، یان ئێران هێندە گەورە و بەهێزە بتوانێت بەرگەی جەنگێکی ئەلەکترۆنی و پێشکەوتووی سەربازی بگرێت؟. گەلێک شرۆڤەکار ئێرانییەکان بە زیرەک دادەنێن، لەکاتێکدا خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئەمەریکییەکە بەکارێکی ژیرانە و هەنگاوێکی سەرکەتوو دانانرێت.بەرپرسانی ئێران ڕایانگەیاند ئەوان فڕۆکە ئەمەریکییەکەیان خستۆتە خوارەوە، ئەم ڕاگەیاندنە ئەمەریکای تووشی دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز کردووە، چونکە ئەم ڕاگەیاندن و هێرشە بە واتای بەهێزی ئێران و لاوازی ئەمەریکا دێت و گوشارەکان پێچەوانە دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا لوتشکانی دەسەلاتی تەرەمپ و هەڕەشەکانی دەگەیەنێت، بۆیە ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەمەریکایە، دەبێت بڕیار بدات چۆن مامەڵە لەگەڵ کار و کردەوەی ئێران بکات، خستنەخوارەوەی فڕۆکەکە سنووری هەڕەشەی بەزاند.تەرەمپ ڕایگەیاند دە خولەک پێش جێبەجێکردنی هێرشکردنە سەر چەند بنکەیەکی ئێران، بڕیاری هێرشی سەربازی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەم قسەیە بەواتای بڕیاری جەنگ دێت، بەڵام بڕیارەکەی تەرەمپ ناوچەکەی لە گڕگرتنی ڕۆژهەڵات پاراست، واتە ئەمەریکا لەهەر چرکەیەک بیەوێت بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەیە. بەمەش گرێمانەی دەستپێکردنی جەنگ لەهەموو کاتێکدا وەکو کارتێک و ئەگەرێکی کراوە دەمێنێتەوە. لەهەمان کاتدا ئەم کردارەی ئێران هانی ئەمەریکا دەدات، سزای ئابووری پتر لەدژی ئێران بچەسپێنێت و خێراتر هزر لەپێکهێنانی بەردیەکی نێودەوڵەتی بۆ سنووردارکردنی ئێران بکاتەوە.ئەمەریکا هێشتا نابێت لەبیری بکەین هەندێکجار مەسەلە بچووک و کارتە کاتی و گوشارە لاوەکییەکان بۆ شتی جددی و گەورە دەگۆڕێن لەناکاوێکدا لەدەست دەردەچن و دەبنە هۆی تەقاندنەوەی دۆخەکە. ترەمپ لەیەک کاتدا زمانێکی توند و هێرش ئامێز و هەڕەشە گفتوگۆ و چارەسەری دیبلۆماسی بەکاردەهێنێت، ئەمە ئێرانی تووشی دۆخێکی ئاڵۆز و ناجێگیر لەبیرکردنەوە نییە ئامانجی سەرەکی گوشارەکان جەنگ بێت، بەڵام نابێت لەبیری بکەین هەندێکجار مەسەلە بچووک و کارتە کاتی و گوشارە لاوەکییەکان بۆ شتی جددی و گەورە دەگۆڕێن لەناکاوێکدا لەدەست دەردەچن و دەبنە کردووە، لەبیری نەکەین کاردانەوەکانی ئێرانیش بۆ ئەمەریکا چاوەڕوان نەکراوە. دوور نییە ئەم شتە بچووکانە کۆنترۆڵ و دان بەخۆداگرتن لەدەست بدات و دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی و تەقینەوە ببات.



بەدووری مەزانن ئەمەریکا بۆ ئابووریەکان بۆ دارمانی ناوخۆی تاران و پەرەپێدانی بێزاری خەڵک توندتر بکرێت، بەرەیەکی هەرێمایەتی لەدژی ئێران پێکبهێنرێت. عێراق یەکێکە لەخاڵەکانی ناکۆکی نێوان ئەمەریکا و ئێران، بۆیە دوور نییە ئێران بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا بەکردەوە بۆ نێو عێراق بگوازێتەوە. گرووپێک لەنێو ئەمەریکا و گرووپێکی دیکەش لەنێو ئێران هەن لەگەڵ بەکارهێنانی هێزن، ئەمانە هەر یەکەیان لەپێناو ئامانجێک بڕیار دەدەن. تەرەمپ بەرەو هەڵبژاردنە دۆخی ئێران دەقۆزێتەوە بۆ بەدیهێنانی دەنگی پتر، ئێرانیش دەیەوێت تەرەمپ و دیاردەی تەرەمپ بشکێنێت، لەبیری نەکەین گرووپێکی ئێرانی هەن، پێیان وایە ئەم ناکۆکیانە دەرفەتێکە بۆ دەربازبوون لەدەسەلاتی ئێستای کۆماری ئیسلامی، بۆیە بەرەو بەپەرەسەندنی ناکۆکی لەدژی ئەمەریکا دەدەن. واتە بەرە ناوەخۆییەکانی هەردوو وڵات بەئامانجی جیاواز کار لەسەر ناکۆکییەکان دەکەن.

دۆخەکە لەکۆلانە، بۆنی دووکەڵێکی چڕی پەرەسەندنی مللمانێکان دێت، سات بەسات ئاڵۆزی و مەترسی تەقینەوەی گرفتەکان هەست پێ دەکرێت، هەرچەندە هەڵگیرسانی شەڕ بەرپرسیارەتییەکی گەورە و چارەنووسسازە، بەڵام هیچ مەرج نییە ئەوانەی دۆخەکە گڕ دەدەن بەرپرس بن. دۆخەکە وەکو بەرمیلێکی پڕ باروت وایە، تەنیا گڕدانی دنکە


ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1724:
دەوڵەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی ڕووسی لە دژی دەوڵەتی سەفەوی ڕێککەوتنی ئیستانبوڵیان مۆر کرد.



سالی 1941:
لە جەنگی دووەمی جیهان ، ئەڵمانیای نازی هێرشی کرده سەر یەکێتی سۆڤیەت .



سالی 1990:
مۆلدۆڤیا لە یەکێتی سۆڤیەت جیابووەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاند .



سالی 2009:
بە تۆمەتی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵات ،ئێران ژمارەیەک دیبلۆماتکاری بەریتانی دوور خستەوە .



سالی 2016:
حکوومەتی کۆلۆمبیا ڕێککەوتنێکی ئاشتی لەگەڵ هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کۆلۆمبی مۆر کرد .



سالی 2017:
هێزەکانی ئاسایشی سعودیە ژمارەیەک هەوڵی تیرۆرستی لە شاری جدە و مەککە پوچەڵ کردەوە .

کاریکاتێر





هاووڵاتی و هەڵبژاردن

ئا: ڕەمزی میرەکانی

زاراوەی هاووڵاتی لە میژە بەکاردەهێنرێت و گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی، کە وەکو یەکێک لە بەڵگە نەویستەکان تەماشا دەکرێت. لە هزری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا وەها دەبینرێت، کە چەمکێکە هەمووماڵ تەواو تێگەیشتوین و دەزانین مەغزا و دەرکەوتەکانی چین. بەڵام لەو وڵاتانەی کە میژووی درێژیان هەیە لەگەڵ ستەمکاریدا، تەنانەت پاش ئەوەی رزگاریشیان دەبێت لە چنگی ستەمکاری، هێشتا پرۆسەی تەواوکاملبوونی چەمکی هاووڵاتیبوون بە شێوەیەکی تەموومژاوی دەمێنێتەوە.

لە سیستەمی دەوڵەتیدا، بە دیموکرات و ستەمکارەوە، هاووڵاتی ئەو کەسەیە کە ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەیە. لە ژۆر جاردا ئەم پێناسەیە لێرەدا کۆتایی دێت. ئەوەی کە جێگەی مەترسییە، ئەو ڕاستیەیە، لەو وڵاتانەی کە سیستمی فەرمانڕەواییان لە ستەمکارییەوە دەگۆڕن بۆ سیستمێکی دامەزراو لەسەر پرەنسیپی هەڵبژاردن، کە ژۆر بە خێرایی ناوەدبێت دیموکراسیەت، فەلسەفەی سیاسی و ڕەوتی سیاسی لەو وڵاتەدا وەها مەزەندە دەکات، هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە کە پێشتر وەک هاووڵاتی بەمانا کەی سەرەوە ناسراوبوون، ڕاستەخۆ دەگوازرێنەوە بۆ هاووڵاتی بەو مانایەی، کە لە سیستمی دیموکراسیەتی ڕاستەقینەدا هەیە. هەر ئەم مەزندەکردنە هەڵەیەشە کە وادەکات، سیستمی هەڵبژاردن نەتوانێت سەرتاسەری فیکری سیاسی ئەو وڵاتە بگۆڕێت و لە جێگەی سیستمی کۆن، سیستەمێکی نوێی دیموکراسی بەرپابکات. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی هاووڵاتی، بەو مانایەی کە لە سیستمێکی دیموکراسی ڕاستەقینەدا هەیە، پێویستە لەسەر ئەو خاڵە هەڵوەستەبکەین، گرنگی ڕۆڵی ئەم پێکهێنەرە گرنگەی کۆمەڵی مەدەنی دەردەخات، کە ئەویش هاووڵاتیە. بێگومان تاکەکەسەکان کە ئەندامی کۆمەڵگەن، مەرج نییە لەڕووی واتاییەوە هاووڵاتی کارابن. هاووڵاتی کارا ئەو ئەندامەی کۆمەڵگەیە، کە تێکەڵە لەگەڵ پرۆسەی سیاسیدا، بە واتای بەشداری سیاسی. بەشداری سیاسی بەو واتایەی کە ئەندامانی کۆمەڵگە ئاگاداری پرۆسەی سیاسیبن و وشیار و پڕزانیاربن، لەبارەی مەسەلە گرنگەکان، شێوازی بەڕێوەچوونیان، پەیوەندی و کاریگەری ئەو مەسەلەیە و بڕیارەکانی پرۆسەی سیاسی لەسەر ژیان، بەرژەوەندی و ویستەکانی ئەواندا. ئەم جۆرە لە هاووڵاتی کارا، دەتوانێت بەڕاستی خاوەنی بڕیاری سیاسی بێت، ببێتە بەشێک لە پرۆسەی دیموکراسی و بونیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە، کە تێیدا سەرچاوەی فەرمانڕەوایی لە دواجاردا دەگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتیان خۆیان و ئەو کارمەندانەشی، کە هەڵدەبژێردرێن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی، تەنها کارمەندی متمانەپێکراو و دەستەڵاتپێدراون لەلایەن خەڵکەوە، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی فەرمانڕەواییدا. لە سایەی دیموکراسیەتی ڕاستەقینەدا، کەسە هەڵبژێردراوەکان بەهیچ شێوەیەک ناتوانن دەستەڵاتی پێبەخشراویان بەشێوەی نایاسایی بەکاربهێنن، لەبەر ئەوەی سیستمێکی تۆکمەی یاسایی بەرقەراوە، کە بەرنامەی دەستورێکی دانراوی ئاشکرای سەروەر، دەتوانێت کارمەندە هەڵبژێردراوەکان بەرپرسیاربکات، لەبەردەم ئەو سیستمە یاساییە و لە دواجاریش لەبەردەم هاووڵاتیاندا.

هاووڵاتی ناکارا، واتا ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگە، کە تەنها لەڕێگەی هەڵگرتنی ڕەگەزنامەی وڵاتێکەوە ناوی هاووڵاتیان لێ دەنرێت، ناتوانن ببنە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی، بەمەش ناتوانن دەنگ و ویستی خۆیان لە پرۆسەی سیاسیدا دەربخەن و لە دواجاریشدا وەک لێوەگەڕی کۆتایی بڕیاردان بەکاری بهێنن. هەرئەمەشە دەبێتە مایەی پێشنەکەوتنی سیستمی دیموکراسی لەو ناوچانەدا، کە تازەبەتازە بە پرۆسەی دیموکراسی گەیشتوون و لەبەر کاریگەرنەبوونی ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگەیە، کە پرۆسەی دیموکراسیەت تەنها لە پرۆسەی دەنگدانی ناکارادا پەنگ دەخواتەوە و خەیاڵی ئەوە لەلای ئەندامانی کۆمەڵگە دروست دەکات، لەبەر ئەوەی دەنگدان هەیە، کەواتە بوونی ئەوان کاریگەرە لەسەر پرۆسەی دیموکراسیەت و فەرمانڕەواییدا. بەڵام ئەوەی کە ڕاستییە ئەوەیە، ئەو دەنگانە لەوە تێناپەڕن، کە ژمارەی بێتواتا و بێبایەخ بن و تەنها وەک ڕووکاری ئەو پرۆسەیە بن، کە تەنها دیموکراسیەت لە هەڵبژاردنەکاندا دەبینێتەوە، بەوپێیەش کەسانی هەڵبژێردراو یاخود پارتە سیاسیەکان تەنها و تەنها لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بایەخ بە دەنگدەران دەدەن و سەرجەمی پرۆسەی پڕوپاگەندکردنەکانی هەڵبژاردنیان ئاراستە دەکەن، لەبەر ئەوەی لەوەتێگەیشتوون، کە هاووڵاتی ناکارا، تەنها لەوکاتەدا بایەخ بە مەسەلەکان دەدات، دەنگیشی لە تەنها ژمارەیەک زیاتر هیچ بەهایەکی نییە و ناتوانێت پرۆسەی سیاسی بگۆڕێت. دەنگدانی وشیارانە، واتە ئەو دەنگەی کە تاکەکەسێک پاش ئاگاداربوونی لە بەشی زۆری ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بەو هەڵبژاردنەوە هەیە دەیدات، دەتوانێت کاریکاتە سەر پرۆسەی سیاسی. ئەو کاریگەریەش هەر خێرا لەو پرۆسەیەدا دەردەکەوێت، چونکە دەنگ بۆ دراوەکان (پارتە سیاسییەکان و کەسە هەڵبژێردراوەکان) بۆیان ئاشکرا دەبێت، کە چەند و لەبەرچی دەنگیان لەدەستداوە و گرووپ و کەسانی دیکە شوێنی ئەوانیان گرتووەتەوە. بایەخدان بەو مەسەلە گرنگانەی، کە پەیوەندیان بە ژیان، داهاتوو و بیر و ویستی دەنگدەرەوە هەیە، خاڵی بنەڕەتین لە دامەزراندنی سیستمێکی کارادا، کە تێیدا فەرمانڕەوایی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک، چونکە ئەمە نەک تەنها دەنگ بۆ دراوان (کەس و پارتە هەڵبژێردراوەکان) بەرپرسیاردەکات لەبەردەم یاسا و شەرعیەتی دەنگدەراندا، بەڵکو ناچاریشیان دەکات، کە بەردەوام لەکاردابن، بۆ ڕاستگۆبوون لەگەڵ پەیام و کاری سیاسیاندا، لەوەش گرنگتر بەردەوام خەریکی نوێکردنەوە، سازاندنی سیاسەتی کار و پەیامەکانیان بن، لەگەڵ ویست و ئارەزوەکانی دەنگدەراندا. بەم جۆرەش پارت و کەسایەتیە هەڵبژێردراوەکان بەدرێژایی وادەی کارکردنیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکدا، خۆیان لە پێشبڕکێیەکی بەردەوامدا دەبینەوە، بۆ سەلماندنی خۆیان لەبەردەم خەڵکدا، نەوەک هەر کە چوونە سەر کورسیەکانیان، ئەوەیان لەبیر بچێتەوە، کە بە دەنگی خەڵکی هاتوونەتە ئەو شوێنە، بۆیە نابێت دەستبەکەن بە خەمخواردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان، تێوەبگلێن لە گەندەڵی، ناکارایی کارگێڕی و بەفیڕۆدانی سەرچاوەکان، لە داجاریشدا لەوە دڵنیابن، کە دەنگدەرە ناکاراکان لە خولی داهاتوودا دەنگیان پێ دەدەنەوە.

سەرچاوە: http://chiraiazadi.org

پێناسەی وڵاتان



ئەفریقیای ناوەڕاست

ناوی فەرمی : کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست.
کیشوەر : ئەفریقیا .
پێگەی جوگرافی: کامیرۆن لە ڕۆژئاوا و چاد و سودان باکوور و ڕۆژهەڵات ، کۆنگۆی دیموکراتی لە باشوور.
دەسەڵات : کۆماری .
پایتەخت : بانجۆی .
ڕووبەر : 622.98کیلۆمەتر دووجا .
ژمارەی دانیشتوان : 3.375.771کەس .
ئاین : 24%ئاینە خۆجێییەکان ، 50%کاسۆلیک و پڕۆتستانت ، 15%موسوڵمان ، 11%جۆراوجۆر.
دراو : فرانک .
زمان: فەرەنسی – عەرەبی – زمانە خۆجێییەکان .
ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان : 20-9-1960.

مانشێت



سکای نیوز:
کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە ترامپ ، مارک ئەسپەری ئەفسەری پێشووی وەک وەزیری بەرگری وڵات دامەزراند .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
یەکێتی ئەورووپا ڕەتی کردەوە کە هیچ هەموارکردنێک لە ڕێککەوتنی بڕێکزت ئەنجام بدرێت .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
بە تۆمەتی دارشتنی پلان بۆ هێرشکردنە سەر ژمارەیەک کەنیسە لە پەنسلڤانیا ، دەزگای ئێف بی ئای ئەمەریکا کەسێکی سووری دەستگیر کرد .



دوێنێ مۆریتانیەکان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ وڵات ، ڕوویان کردە بنکەکانی دەنگدان .



دۆیچە ڤیلە:
لە ئاخنی ئەڵمانیا دەیان هەزار کەس لە ژینگەپارێزان هەڵڕژانە سەر شەقامەکانی ئەو شارە .



کەنالی ئار تی :
لە ناوەڕاستی پاریسی پایتەختی فەرەنسا و لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوە لە باڵەخانەیەکدا 3 کەس گیانیان لەدەست دا .



چەند رێنماییەکی پێویست بۆ بەکارهێنانی دەرمانە ئازار شکێنەکان

پسپۆڕێکی بێهۆشکاری و ئازار شکاندن: خواردنی دەرمانی ئازار شکێن لەگەڵ دەرمانی نەخۆشی دیکە بە یەکەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری هەر دوو دەرمانەکە و زیاد بوونی کاریگەری لاوەکی و مەترسی بۆ سەر تەندروستی



د.هەڤین کەمال



ئا-وریشە عومەر

- هەموو ئازارێک وەک سەرئێشە ، ئازاری پشت ، سک ئێشە دەبێتە هۆی بێزار کردنی مرۆڤ و پێویستە بە شێوازێکی زانستی هەوڵ بدەین ئازارەکەمان نەمێنێت : بێگومان دەرمانی ئازارشکێن یەکێکە لە ڕێگا سەرەکیەکان ،بەڵام کۆمەڵێک هەڵەی باو هەیە کە بەردەوام لە لایەن هەندێ لە هاوڵاتیانەوە دووبارە دەکرێتەوە و زیانی بۆ تەندروستی و ژیانی ئەو کەسانە هەیە ،لەبارەیەوە(د .هەڤین کەمال شاە محمد پسپۆڕی بێهۆشکاری و ئازار شکاندن)لەلاپەڕەی ی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بەم شێوەیە چەند هەڵەیەکی دیاری بەکارهێنانی دەرمانی ئازارشکانی خستۆتە بەرچاو:

هەڵە باوەکان لە کاتی بەرهێنانی دەرمانە ئازار شکێنەکان

- ئەگەربە یەک دەنک باش نەبم ئەوا بە دوو یان سێ دەنک زۆر باشتر دەبم، زیاتر کردنی بڕی دەرمان گەرەنتی نەمانی ئازار یا خێراتر چارەسەری ناکات بگرە بە پێچەوانەوە ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی زیانە لاوەکیەکانی دەرمانەکە زیاد دەکات و ڕەنگە دەنکی دووەم یان سێیەم کاریگەریە باشەکانی دەنکی یەکەم نەهێڵێت .

خواردنی دوو دەرمانی ئازار شکێن بە یەکەوە لە هەمان کات

هەموو دەرمانێک میکانیزامی کارکردنی تایبەت بە خۆی هەیە کە جیاوازە لە دەرمان دیکە ، بەسەریەکەوە خواردنی دوو جۆر دەرمانی ئازارشکێن ڕەنگە هیچ سوودی نەبێت و زۆربەی جار زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەێنێت .

- بەکارهێنانی دەرمانێک کە پزیشک بۆ کەسێکی تری نووسی بێت ، ئەگەری هەیە ئەو دەرمانە بۆ تۆ گونجاو نەبێت ؛ هەرچەندە نیشانەکانی نەخۆشیەکەی لە تۆ بچێت ،تۆش بە هەمان شێوە دەرمانی تایبەت بە خۆت مەدە بە کەسانی تر .

- لێخورینی ئوتۆمبیل پاش خواردنی هەندێ جۆری دەرمانی ئازارشکێن : چونکە ئەگەری ئەوە هەیە گێژ بوون و لێڵی لە بینین و دابەزینی شەکرە و دابەزینی فشاری خوێن یان بەرزبوونەوە یان کاریگەری لاوەکی لێ بکەوێتەوە کە توانای لێخورینی ئوتۆمبیلت نەبێت .

- خواردنی دەرمانی ئازار شکێن لەگەڵ دەرمانی نەخۆشی دیکە بە یەکەوە لە هەمان کات دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری هەر دوو دەرمانەکە و زیاد بوونی کاریگەری لاوەکی و مەترسی بۆ سەر تەندروستی .

خانەقای دەربەندیخان و ئەڵقەی زیکری موریدان



چەند دەرویشێک لەکاتی زاکر

شەوانە ژمارەیەک لە شێخ و موریدانی تەریقەتی نەقشبەندی لە خانەقای سیراجەدین لە دەربەندیخان کۆدەبنەوە، بەشێک ئەو کەسانەی لەو ئەڵقەی زیکردا بەشدارن لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و عێراقەوە هاتون ، زۆرجار موریدانی ئەم تەریقەتە لە وڵاتانی دراوسێ و جیهانیشەوە سەردانی خانەقاکە دەکەن و بەشدار دەبن لە ئەڵقەی زیکر و حاڵی خانەقاکەدا.مەجید سەعید پێنجوێنی بڕوانامەی دکتۆرای هەیە و یەکێکە لە مامۆستایانی ئایینی شۆێنکەوتووی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەو کە لە کۆڕی ئەڵقەی زیکری خانەقاکەدا ئامادەیی هەیە گوتی: "شەوانە بە بەردەوام لە خانەقای حەزرەتی شێخی سیراجەدین لە دەربەندیخان بە سەرپەرشتی مامۆستا شێخ حسەین کە وەکیلی شێخ عوسمانی سیراجەدینە زیکر و یادی خودای تێدا دەکرێت لەسەر ڕێگای تەریقەتی نەقشبەندی، لە هەموشار و شارۆچکەکان خانەقا و حوجرە و مەدرەسە هەیە و لەو شوێنانە سەدان فەقێ پێگەیشتوون و ئێستا لە مزگەوتەکان خزمەت دەکەن".ئەو گوتی: "مرۆڤ لە سیمایدا هەرچۆن بێت ئەوا خودای گەورە بۆ سیمای ناڕوانێت و سەیری ناخی دەکات، بۆیە ئەهلی تەسەوف ئەهلی تەزکیەیە".مەجید سەعید پێنجوێنی هەروەها گوتی: "ئیستانبوڵ سەنتەر و شوێنی نیشتەجێبونی حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدینە و ئارامگای ئەوە، ئەو شارە سەرەڕای ئەوەی سەنتەری خەلافەتی ئیسلامی بووە، ئارامگا و جێگا و شوێنی تەریقەتەکانە بەتایبەت تەریقەتی نەقشبەندی کە حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجەدین لەوێ دانیشتووە و موراید و شوێنکەوتوویەکی زۆری هەبووە و تائێستاش هەماهەنگیمان هەیە پێکەوە". ئەو ئاماژەی بەوەش کرد، "لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق سەردانی ئەم خانەقایە دەکەن و بەبۆنەی ئامادەیی مامۆستا شێخ حسەینەوە، تەنانەت لە تورکیا و ئێران و وڵاتانی ئەوروپاش میوانمان هەیە و شەوانە بە بەردەوامی زیکر و ئەوراد لەم خانەقایە هەیە و بەشداری تێدا دەکەن".لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری شوێنکەوتووانی تەریقەتی نەقشبەندی هەیە و لە شارو شارۆچکەکانی هەرێم خانەقا و کۆڕی زیکر و حاڵیان

نادین نەجیم بازاری ریکلامکردنی زۆر گەرم بووە

هونەرمەندی لوبنانی نادین نەجیم وەک بروسک بەخێرایی پەیژەکانی شوهرەت و ناوبانگی بڕی و ئێستا یەکێکە لە دیارترین هونەرمەندەکانی لوبنان و وڵاتانی عەرەبی، سەرباری ئەوەی چەندین بۆندی کارکردنی لە وڵاتان بۆ دێ، بەڵام ئەو قەناعەتی وایە کە زیاتر لەناو لوبنان کار بکات. نادین نەجیم لە 1984لەدایک بووەو لە ساڵی 2004بە شاجوانی لوبنانی هەڵبژێردراوە. لەساڵی 2007دەستپێکی کاری هونەری بووە. بەگوێرەی گۆڤاری هونەری لەیالینا ئێستا شێوازی داهێنان و میکیاژی نادین نەجیم بۆتە مایە سەرنج راکێشانی زۆربەی مۆدیلیستەکان، بۆیە بازاری ریکلامکردنی زۆر گەرم بووە.



چاپکراوی نوێ

مێژووی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق



کتێبی (مێژووی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق) بە 242لاپەڕە لە نووسینی کاکەمەد نەجمەدین عەلی (کاروان شوانی) کەوتە بەر دیدی خوێنەران، جەلال دەباغ پێشەکیی بۆ نووسیوە، کتێبەکە بەسەر 21 بەشدا دابەش کراوە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم/ سەرەتای سەرهەڵدانی بیری سۆسیالیستی لە عێراقدا، بەشی دووەم / دامەزراندنی بازنە مارکسییەکان، بەشی سێیەم/ پاککردنەوەی حزبی حزب لە کەرتکاری، بەشی چوارەم/ بەستنی یەکەم کۆنگرەی حزبی شیوعی عێراق، بەشی پێنجەم/ گرتنی هاوڕێ فەهد و حاز و صارم، بەشی شەشەم/پەیانی پۆرتسمۆس، بەشی حەوتەم/ ڕۆڵی حزبی شیوعی عێراق لەناو ڕێکخراوە پیشەییەکاندا، بەشی هەشتەم/ ڕاپەڕینی تشرینی دووەمی ?1952 بەشی نۆیەم/ ئیشکردنی حزبی شیوعی عێراق لەناو سوپادا، بەشی دەیەم/ سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 بەشی یانزەیەم/ هەڵوێستی حزبی شیوعی عێراق دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ی تەمۆزی 1958 ، بشی دوازدەیەم/ کودەتای شەواف، بەشی سێزدەیەم/ حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی دەسەڵاتی ساڵی 1959بەشی چواردەیەم/ ڕۆڵی ئەفسەرە شیوعییەکان لەناو سوپادا، بەشی پازدەیەم/ کارەساتی کەرکووک ساڵی 1959بەشی شازدەیەم/ سەرەتای دەرکەوتنی ڕووخانی شۆڕشی 14ی تەموز، بەشی حەڤدەیەم/ حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد، بەشی هەژدەیەم/ دەستپێکردنی کودەتا، بەشی نۆزدەیەم/ حزبی شیوعی عێراق و خەباتی چەکداری، بەشی بیستەم/ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی نێوان حزبی شیوعی عێراق و حکوومەتی عێراق، بەشی بیست و یەکەم/ تێکچوونی بەرەی نێوان حزبی شیوعی عێراق و حکوومەتی عێراق. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

لەنێو ئەرشیفی وێنە هەرە کۆنەکاندا هەسارەیەک دۆزرایەوە

لە دۆزینەوەیەکی گرنگدا، (جای فارخی) پسپۆڕی فەلەکناسی لە (زانکۆی کارنیگی) لە (بەریتانیا) و لەمیانەی شیکردنەوەی یەکێ لە گرتە فۆتۆگۆزافییەکانی تایبەت بە شەبەنگی ئەستێرەی (ڤان مانین) دا، توانی ناوچەی ناسراو بە (هێڵی مژتنی تاریک) لەنێو شەبەنگی ئەو ئەستێرەیەدا بدۆزێتەوە، کە پێدەچێت بەڵگەیەکی بەهێز بێت لەسەر ئەوەی ئەم هێڵە تاریکە بریتییە لە کارتێکردنی تەنێکی هەسارەیی لەسەر شەبەنگی ئەو ئەستێرەیەدا.

ئەم دۆزینەوەیەی (جای فارخی) بووە یەکەم بەڵگە لەسەر گرتنی وێنەی شەبەنگیی هەسارەیەک کە لەسەر دەستی فەلەکناسی هۆڵەندی ناودار (ڤان مانین) و لەساڵی 1917دا وەرگیرابوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تەکنیکەکان و بیرو تێڕوانینەکانی ئەوکاتە نەببوونە هەوێنی بیرکردنەوە لەوەی کە ئەم هێڵە تاریکەی مژتن کە تایبەتە بە توخمی (کالسیۆم) لەسەر شەبەنگی ئەستێرەی بچووکی (ڤان مانین) ڕەنگە جێپەنجەو هێمای بوونی هەسارەیەک بێت و لە دەرەوەی سنووری سیستەمی خۆردا بێت، بۆیە، ئەم هەلە زێڕینەو میژوویی دۆزینەوەو ڕاگەیاندنی یەکەم هەسارە لە دەرەوەی سیستەمی خۆر لەلایەن فەلەکناسی هۆڵەندی (ڤان مانین) لە ساڵی 1917دا لەدەستچووە!



"ئەگەر (مانین) ی فەلەکناس ئەوکاتە بەشێوەیەکی زۆر وردترو ڕوونتر لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی لە سروشتی ئەو تەنە تاریکەی لەنێو شەبەنگی ئەستێرەکەدا بکردبایە، ئەوا دەگەیشتە ئەو دەرەنجامەی کەوا ئەوەی دەرکەوتبوو بریتی بوو لە دیسکێکی مادەیی چڕوپڕ کە بە هەوێنی دروستبوونی هەسارەکان دەناسرێت"، لە زاری فەلەکناس (جای فارخی).

راهێنەری یانەی دوبەی لە دیمانەیەکی خەباتدا

میرۆسلاڤا: چوار ساڵە راهێنەری یەکێک لە باشترین یانەکانی جیهانم



دیمانە: هاوار مورتکەیی

میرۆسلاڤا هرابینسکا Myroslava Hrabinskaخانمە شەترەنجزان و راهێنەری ئۆکرانی کە هەڵگری بڕوانامەی گراند ماستەرە WGM، خاوەنی نازناوی چەندین پاڵەوانێتی نێودەوڵەتییە و لەسەر ئاستی وڵاتەکەشی خاوەن میدالیای بڕۆنزی ئۆکرانیایە بۆ خوار 20 ساڵی، ئێستاش راهێنەری یانەی دوبەی ئیماراتیە، میرۆسلاڤا لە دیمانەیەکی لاپەرەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات باس لە کاروانی وەرزشی و دەسکەوتەکانی دەکات.

سێیەمی ئۆکرانیا بووم

میرۆسلاڤا کە لە ساڵی 1984لە شاری لڤیڤی ئۆکرانی لەدایک بووە گوتی: باوکم دەستی گرتم بۆ نێو ئەو یارییە، بەخێرایی فێربووم و زۆر یارییم لە ئاست گروپەکەی خۆم دەبردەوە، دەتوانم بڵێم باوکم یەکەم راهێنەرم بوو، هەر زوو درکم بەوەکرد کە شەترەنج ئەو یارییەیە کە تێکەڵی ناخم بووە و لەگەڵی هەلدەکەم، بۆ یەکەمجار لە پاڵەوانێتی لۆهانسک لە ساڵی 1993بۆ خوار 10ساڵی بەشداریم کرد ، لە ئاستی دەرەوەش لە ساڵی 1988 بەشداری پاڵەوانێتی باردێسم کرد لە پاریس، بەڵام باشترین دەسکەوتم بەدەستهێنانی میدالیای بڕۆنزی بوو لە پاڵەوانێتی ئۆکرانیای خوار 20ساڵی لە ساڵی 2004، کە ئەوکات بەهێزترین شەترەنجزانانی ئۆکرانی بەشداربوون لەنێویاندا ئانا مۆزیشۆک.

شەترەنجزانێکی تەماحکار نەبوویمە

دواتر خانمە شەترەنجزانی ئۆکرانی کە هەڵگری ریتینگی 2240ی یەکێتی نێودەوڵەتی شەترەنجە گوتی: لە ئاستی بەشداریەکانی دەرەوە چەندین ئەنجامی باشم بەدەستهێناوە لەوانە Infineon Young Masters لە دردسن لە ساڵی 2003؟ هەروەها پاڵەوانێتی Breizh Masters لە فەرنسا ساڵی 2006، لەگەڵ دوو پاڵەوانێتی لەسەریەکی 2006و 2007ی Vasylyshyn Memorial in Lviv، هەروەها گوتی من کەسێکی بەتەماح نەبوویمە، وەک راهێنەرێک داواکارم شەترەنجزان لەکاتی پاڵەوانێتی نیگەران نەبێت



بۆیە کاتێک بڕوانامەی WGMم بەدەستهێنا نەمویست وباتر بڕۆم، ئەگەرچی نازناوی IMم بەدەستهێنابوو لە پاڵەوانێتی بەناوبانگی کراوەی Capelle la Grande.

بەرهەمی راهێنان لە پاڵەوانێتییەکاندا دەردەکەوێ

دواجار راهێنەر و گراند ماستەری ئۆکرانی گوتی: شەترەنج لەژیانمدا زۆر شتی پێشکەش کردووم، کە لەهەموویان گرینگتر گەشت بەدەوری جیهان، لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە هاوسەرەکەم لەراستیدا راهێنەرمە، ئەو بوو ئەو پیشەیەی بۆ فەراهەم کردم کە 4ساڵە راهێنەری یەکیک لە باشترین یانەکانی جیهانم ئەویش یانەی دوبەی بۆ شەترەنج، ئێستاش بەردەوامم لەگەڵ ئەو یانەیە و رۆژانە لەرێگای ئینتەرنێتەوە ئەرکی راهێنەرایەتی جێبەجێ دەکەم، لەکۆتاییدا وەک راهێنەرێکی شەترەنج حەزدەکەم بڵێم هیچ کات لە ناو پاڵەوانێتی نیگەران مەبە، باشترین رێگا ئەوەیە سەرنجی تەواوت بخەیتە سەر و بە گروتینەوە راهێنان بکەیت، چونکە ئەوەی فێر دەبیت تەنها لە پاڵەوانێتییەکاندا دەتوانی تواناکانت دەربخەی.

گۆڵکارانی یاری کردنەوەی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا



یاریزانی هەڵبژاردەی میسر، مەحمود حەسن تریزیگێ، توانی تاکە گۆڵی بردنەوەی هەڵبژاردەکەی، لە یاری کردنەوەی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا ، لە گۆڵی هەڵبژاردەی زیمبابوێ تۆمار بکات، بەمەش یەکەم سێ خاڵی پاڵەوانیەتییەکەی بۆ هەڵبژاردەکەی دەستەبەر کرد. ئەمەی خوارەوەش لیستی تۆمارکەرانی گۆڵی یەکەمی دوایین دە پاڵەوانیەتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیایە.

- 2002: جۆرج ویا (هەڵبژاردەی لیبیریا)
- 2004: زیاد ئەلجزیری (هەڵبژاردەی تونس)
- 2006: ئەحمەد حوسام میدۆ (هەڵبژاردەی میسر)
- 2008: ئەساموا جیان (هەڵبژاردەی غانا)
- 2010: فلاڤیۆ ئەمادۆ (هەڵبژاردەی ئەنگۆلا)
- 2012: خافییر بالبوا (هەڵبژاردەی غینیا)
- 2013: ئیمانوێل ئەجیمانگ (هەڵبژاردەی غانا)
- 2015: ئیمیلۆ ئینسۆی (هەڵبژاردەی غینیا)
- 2017: پییێر ئیمریک ئۆباميانگ (هەڵبژاردەی گابۆن)
- 2019: مەحمود حەسەن تریزیگێ (هەڵبژاردەی میسر)

ڕەمزی میرەکانی

یارییەکانی ئەمشەو

*** جامی نەتەوەکانی ئەفریقا:**

مەغرب- نامیبیا

سەنیگال- تەنزانیا

جەزائیر- کینیا

*** مۆندیالی ئافرەتان:**

ئینگلتەرا- کامیرۆن

فەرەنسا- بەرازیل

ریال مەدرید چاوەڕوانی گلۆپی سەوزی مان یونایتد دەکات

بەرپرسانی یانەی ریال مەدرید چاوەڕوانی بەرپرسانی یانەی مان یونایتد دەکەن لەسەر ئەوەی تاچەند ئەوان ئامادەن لە فرۆشتنی پۆگبا لە میرکاتۆی هاوینی داهاتوو.

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاویکردەوە کە تا مانگی ئۆگەستی داهاتوو ئەو کرداری بەردەوام دەبێت کە یانەی ریال مەدرید دەیەوێت ژمارەیەک یاریزانی تیپی یەکەم بفرۆشێت، ئەویش لەپێناو بەدەستکەوتنی پارەیەکی باش بۆ کڕینی پۆگبا.

جێی باسە بەم دوایە پۆگبای فەرەنسی ئاشکرای کرد کە دەیەوێت ئۆلدترافۆرد جێبهێڵێت و گوتی: هەرچەندە زۆر شت لە مان یونایتد رووبدا بەڵام پێم وایە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی تازە بەڵام لە یانەیەکی دیکە.

چی سو هیۆن: تۆپی پێی ئافرەتان لە کۆریا زۆر بەلاوازی گەشە دەکات

چو سو هیۆن کاپتنی هەڵبژاردەی ئافرەتانی کۆریای باشوور دوای دەرچوونی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەبێ هیچ بردنەوە و بەرامبەربوونێک لە مۆندیالی ئافرەتانی 2019ی فەرەنسا ، دانی بەوەدانا کە تۆپی پێی ئافرەتان لە وڵاتەکەی زۆر بەلاوازی گەشە دەکات.

هەڵبژاردەی ئافرەتانی کۆریا لە گروپەکەی هیچ خاڵێکی بەدەست نەهێنا و هەرسێ یاریيەکەیان دۆڕاند بەرامبەر فەرەنسا 4-0گۆڵ، بەرامبەر نایجیریا 2-0گۆڵ و دوا یاریشیان 2-1گۆڵ بەرتمبەر نەرویژ دۆڕان، کە ئەمەش خراپترین بەشداری کۆریا بووە تا ئێستا لە مۆندیالەکانی ئافرەتاندا.

دوای گەڕانەوەشیان بۆ کۆریا ، چو سو هیۆنی تەمەن 30ساڵ بۆ ڕۆژنامەی چو سون ئیلبۆی کۆری گوتی: راستە ئێمە زۆر سوودمان لەو بەشداریيە وەرگرت، بەڵام هەست دەکەین کە تۆپی پێی ئافرەتان لە وڵاتەکەماندا زۆر بەلاوازی گەشە دەکات و ئەمەش لە مۆندیالی ئەمجارە بە ئاشکرا دەرکەوت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun, 23. Jun. 2019 No: (5773)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

مەغریب ... فیلمی تورنی نەوزاد شێخانی خەڵاتی گەورەی زەیتونی ئاڵتوونی بەدەستهێنا



خەبات: ساسان دەروێش

لە میهرەجانی نێو دەوڵەتی فیلمی عەرەبی لە وڵاتی مەغریب لە مەکناس پایتەختی سینەمایی عەرەبی ، دەرهێنەری کورد نەوزاد شێخانی لە نێو چەندین فیلمی بەشداربووی وڵاتانی عەرەبی و بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیر و هونەرمەندی گەورە و بەرزی وڵاتانی عەرەبی باشترین خەڵاتی بە ناوی زەیتونی ئاڵتون بەدەستهێنا لە پێشکەشکردنی بەرهەمی دەرهێنانی فیلمی تورن ، کە هەر وەک دەرهێنەری کورد نەوزاد شێخانی بۆ خەبات گوتی ، خۆشحاڵ دەبم پەیامی سەرکەوتنەکەمان لە خەباتەوە ڕابگەیەنم و سوپاسی نوسینگەی خەبات لە هۆڵەندا بکەین بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیەمان ، جێگایی دڵخۆشیمە کە لەنێو ڕکابەرێکی زۆری چەندین فیلمی عەرەبی نیشتەجێیە و لە کوردستان خاوەنی بڕوانامەی ئەندازیاری مەدەنیە بووە و لە ئەڵمانیاش درێژەی بەخوێندن داوە لە بواری میدیا لە ئەکادیمیە میونشینی تەواوکردوە بۆ ئەم بەرهەمەشی نەوزاد شێخانی گوتی ، ئەمە یەکەم فیلمی سینەمایی درێژە کە ماوەکەی کاتژمێرێک و52 خولەکە لەسەر ژیانی ئیزیدی هاتۆتە بەرهەم کە خۆم خاوەنیم لە دەرهێنانی کە چیرۆکەکەی باس لە فرمان وهێرشەکان دەکات بەدرێژایی مێژووبۆ سەر ئیزیدیەکان کە دواترینیان لەلایەن تیرۆریستانی داعش بوو ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ژیان بەردەوامن و لەبەردەم جینۆساید و قڕکردنیاندا وەستاونەتەوە ، دیارە نەوزاد شیخانی چیرۆکی فیلمەکەی ئاراستەیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جیهانی دەکات لەبەردەم ئەم هەموو زوڵمەدا بێدەنگ مەبن ڕێگربن لە سڕینەوەیان لەسەر خاکی خۆیان و ئاوارەبوونیان بۆ ئەم بەرهەمەش دەرهێنەر کۆمەڵێک خەڵاتی تری وەرگرتوە ، و نەوزاد شێخانی گوتی ، زۆربەی زۆری وێنەکانی ئەم فیلمە لە نێوان ڕوسیا و ئەرمینیا و جۆرجیا و عێراق و کوردستانە ولە کۆتایشدا نەوزاد شێخانی گوتی ، دەمەوێت باسێکی ڕۆڵی ئەحمەد سلیڤانی بڵێم کە نزیکترین کەس بۆمن کە چەندین ساڵە پێکەوەین وەک هاوڕێ و دوو برا ، وێنەکانی فیلمەکە لە دووبەش پێکهاتووە کە لەسەدا نەوەتی لە جۆرجیا وشوێنەکان وێنەگیراوە و لەسەدا دەشی لە لالش وێنەیان گیراوە لەوێش بەسێ کامێراگیراوەکە یەکێکیان ئەحمەد سلیڤانی بوو کە بۆم ئەحمەد گەورەترین پاڵپشتە و هاوکارە لە زۆربەی زۆری کارەکانم لە پشتی کامێراوپەردە ، ئەوەی جێگایی خۆشحالیش بوو لەوێ نوێنەری کەنالی ئاسمانی کوردستان تیڤی و کەنالی عێراقیە بوو ئامادەبوانی ئاشنا کرد بە لۆگۆکانیان بەتایبەتی کوردستان تیڤی دووبارە سەرکەوتووین .



ئاکار ئەحمەد لە کۆلیژی تەکنیکی لۆکسیا لە فیلەندا، پلەی نایاب بەدەست دێنێ

قوتابیایەکی کورد لە کۆلیژی تەکنیکی لۆکسیا و لە بەشی تاقیگەکان لە وڵاتی فیلەندا،پلەی نایابی لە کۆی 28ی قوتابی دیکە بەدەست هێنا کە تەواویان فیلەندی بوون جگەلە ئاکار.پاش ئەوەی لەلایەن سەرۆکایەتی کۆلیژەکە و بەشەکەی خۆی بڕوانامەو ڕێزلێنانی پێ بەخشرا،کلاوێکی سپی خرایە سەرکە لە وڵاتی فیلەندا دەخرێتە سەر ئەو قوتابیانەی زانکۆ تەواو دەکەن،هاوکات چەپکە گوڵی پیرۆزبایی پێشکەش کرد.دوای بەدەستهێنانی پلەی نایاب،ئاکار لە ڕۆژنامەیەکی فەرمی وڵاتی فیلەندا دیمانەی لەگەڵدا کرا و ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کرد کە سەرباری ئەوەی زمانی دایکی نییە،قوتابیەکی کورد پلەی نایاب لە کۆلیژەکەی بەدەست دێنێ.

ئەو 12خاڵە بەسە بۆ ئەوەی واز لەخواردنەوەی بهێنیت!



کۆمەڵکای پزیشکی ڕۆشنبیری لەلاپەڕەی خۆی لەتۆڕی کۆمەلایەتی بلاویان کردۆتەوەنووسیویانە: بەپێویستمان زانی هەندێ زانیاری لەسەر تایگەر بلاوبکەینەوە بۆئەوەی هاونیشتیمانیان لەزیانە زۆرەکانی ئاگادارین:
تێکچوونی شێوەی لێدانی دڵ ، لێدانی دڵ زیاد دەکات بۆ 150لێدان لەیەک خوولەکدا،تەنها خواردنەوەی دوو قوتو بەسە بۆ تووشبوون بەدڵەڕاوکێی دەروونی زۆر سەخت،ئەگەر زۆرە ببێتە هۆی خوێن بەربوون (نەزیف) لە لووتەوە،تێکچوونی ددانەکان و بۆنی ناخۆشی دەم،دەبێتە هۆی زوو زوو میزکردن، هەر بۆیەش لەیاریزانی تۆپی پێ قەدەغەکراوە،تووشبوون بەژەهروای بەهۆی ئەو مادەیە کە زۆرجار لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن چارەسەری خێرایان بۆ ئەنجام دەدرێت،تووشبوون بە خەو زڕان و سەرئێشەی بێ هۆکار،لەهەمووی خراپتر زیادبوونی ڕێژەی شەکر لەخوێندا،کالێی ڕەنگی ڕووخسار و هەندێک جار ئەبێتە زەردێکی زۆر کاڵ،بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی خوێن لە ماسوولکەکان و کەمی خوێن لە پێستدا،قەڵەو بوون بە خێرای ،کێشەیەکی زۆری کۆڵۆنت بۆ دروست ئەکات.



هەنگەوانی.. پیشەیی کۆن لەکوردستان

فەیسبووک دراوی خۆی دەخاتە بازاڕەوە



تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووک ئاشکرایکرد، ساڵی داهاتوو دراوێکی نوێی کریپتۆ (کۆدکراو) کە تایبەتە بە تۆڕە کۆمەلایەتییەکە، دەخاتە بازاڕەوە. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە لایەن فەیسبووکەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە، دراوەکە کە بڕیارە ساڵی داهاتوو بخرێتە بازاڕەکانەوە، ناوی "لیبرا"یە و لە لایەن هەرێەک لە سیستەمەکانی وەک ماستەرکارد و ڤیزا-وە پشتیوانیی دەکرێت. باس لەوەشکراوە کە لە پاڵ دراوەکەدا فەیسبووک جزدانێکی دیجیتاڵی بەناوی "کالیبرا" دروست دەکات و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەلایەتییەکە لە نێوان خۆیاندا هاوشێوەی نامە دەتوانن "لیبرا" ئاڵوگۆڕ بکەن. لە ڕاگەیەندراوەکەی فەیسبووکدا هاتووە "لە زۆر شوێنی جیهان مرۆڤەکان دەستیان بە ساناترین خزمەتگوزارییە دارایییەکان ڕاناگات. لە جیهاندا نزیکەی نیوەی مرۆڤە پێگەیشتووەکان هەژماری بانکییان نییە. لەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی پێشکەوتندان و لەنێو ژناندا ئەم ڕێژەیە زۆر نزمترە". جەخت لەوەشکراوەتەوەکە لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە نوێیەکەوە دەرفەتی هەریەک لە کۆکردنەوەی پارە، خەرجکردن و گواستنەوەی دراو دەدرێتە بەکارهێنەرانی فەیسبووک. لە ڕاگەیەندراوەکەی فەیسبووکدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەش، بەکارهێنەران دەتوانن دراوە کریپتۆکە و جزدانە دیجیتاڵەکە لە ڕێگەی فەیسبووک، مەسنجەر، وەتسئاپ یان لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی "کالیبرا"وە لەنێو مۆبایلەکانیانەوە، بەکاربهێنن.